


# تێکۆشان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی و ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکڕاتی و پاڕلمانی، تێدەکۆشین.

**ژمارە:329**

سی و شەشەمین ساڵ ، ٣٠ خاکەلێوەی هەزار چوار سەدی کۆچی خۆری بەرانبەر بە ٢٠ی مارسی دوو هەزار و بیست و یەک ی زایینی


# پەیامی سکرتێری گستی، بە بۆنەی نەورۆزی ١٤٠٠کۆچی خۆریەوە وە



هاونیشتمانیانی کۆڵنەدەر!
کەس وکاری شەهیدانی ڕێگەی ئازادی !
پێشمەرگە قارەمانەکان و تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی !
زیندانیانی سیاسی نەبەزو خۆڕاگر !
بە بۆنەی جێژنی نەورۆز، جێژنی نەتەوەیی کورد، جێژنی ژیانەوەی لێرەوارەکانی سروشتی جوانی نیشتمان و هاتنی ساڵی نوێ 1400 کۆچی خۆری و ساڵی نوێی کوردی و یەکەم ڕۆژی سەدەی ١٥ی کۆچی خۆری، کۆتایی هاتنی وەرزی زستان و دەستپێکی وەرزی بەهاروژیانەوەوسەرهەڵدانەوە، پیرۆزبایی گەرمتان پێشکەش دەکەم و هومێدم گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانی تێکڕایی و ڕزگاری یەکجاری و کۆتایی هاتن بە ستەم و بێدادیە .
هاونیشتمانیانی ستەملێکراو ! جارێکی دیکە بە خۆشیەوە ساڵی تازە و وەرزی نوێ هاتەوە و کۆتایی بە زستانی ساردو سڕی بێدادی و بەفری داگیرکەر هات، بەڵام سەرەڕای مژدەی هاتنی نەورۆز و بەهار، بە داخەوە دەسەڵاتی داگیرکەر و دڕندەی ئاخوندی کە سەرچاوەی سەرەکی ئازار و مەینەتیەکانە بۆ خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرچاوەی تڕۆر و ئاژاوەیە، بەردەوامە لە دەسەڵاتی ناڕەوای و بەردەوامە لە سەرکوت و چەوسانەوەی گەلانی ئێران.

دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی، ئەوەی لە بیریاندا نیە چارەنووسی خەڵکی ئێرانە و ئەوەی لە بیریاندایە دزی کردنە لە سەرمایەی نەتەوەیی نەتەوەکانی ئێران،هەوڵدانە بۆ بەردەوام بوونی حکومەتی ناڕەوایان. بەردەوام بوونێک کە بە ستەم و ئازار و شکەنجەی خەڵک و ئیعدامی لاوان وشکەنجەی هاونیشتمانیان درێژەی کیشاوە. ڕژیمی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتیدا بۆتە هۆی دواکەوتویی ئێران،جەنگ و ماڵوێرانی، پەرەپێدانی تڕۆر لە ئێران و وولاتانی ناوچەکەو جیهان، دەستێوەردان لە کاروباری وولاتاندا و بە پێکهێنانی دەستە و تاقمە تڕۆریستیەکان لە ووڵاتان و دابین کردنی خەرج و داهات بۆیان ،بۆتە هۆی مەترسی و هەڕەشەی شێواوی و نا سەقامگیری لە جیهاندا. ئامانج و ویستی شەرخوازی ئەو دەسەڵاتە دواکەوتوە،هەوڵدانە بۆ پەرە پێدان بە توانا مووشەکیە هێرشبەرەکان و هەروەها هەوڵدانە، بۆ بە سەربازی کردنی گەلاڵەی ناوکەیی(ئەتۆمی)و دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم.ئاشکرایە کە ئامانجی دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئاخوندی لە دروست کردنی بۆمبی ئەتۆم، ئەوەیە کە بە خەیاڵ، پاڵپشتیان بێ بۆ بەردەوام بوون لە حوکمی ناڕەوایان. جینایەتی ئەو ڕژیمە، تەنیا لەشکەنجەو ئیعدامی تێکۆشەرانی ئازادیخواز و جینایەت لە بەرانبەر خەڵکی ئێران و پێشێلکردنی بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆف دا خۆنابینێتەوە،بەڵکوو دەسەڵاتداران بەسیاسەتی نەزانانەو بە دزی لە سەرمایەی خەڵکی ئێران و هەروەها بە پەرپێدانی فەسادی کۆمەڵایەتی و گرینگی نەدان بە کێشەی ئیعتیاد لە ئێراندا، تاوانی

لە پیوەند بە نەخۆشی کۆڕۆنا (کوڤید19)، نەک هەوڵیان نەدا ئەو نەخۆشیە لە ئێراندا تەشەنە نەستێنێ، بەڵکوو بە هاتو چۆی بەردەوامی فڕۆکە نەفەرهەڵگرەکان بۆ وولاتی چین و هەروەها بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی بۆنەکانی وەک: ساڵڕۆژی سەرکەوتنی ئینقلاب و هەروەها پڕوپاگەندەکان و ڕێ پێوان بە بۆنەی کوژرانی گەورە تڕۆریست قاسم سلێمانی و ...هتد، کەمتەرخەمی یان کرد لە حاست بڵاوبونەوەی ئەو نەخۆشیەو بوونە هۆی مردنی هەزاران مرۆڤی بێ تاوان لە ئێراندا.لە ئێستاشدا کە دەرمان و چارەسەری ئەو نەخۆشیە لەچەند وولاتی ڕۆژئاوایی بەرهەم هاتوە، خامنەیی ڕێبەری ڕژیم بە بیانوی ناڕاست ،ڕێگە لە هێنانی واکسینەکانی دروستکراوی ئەمریکاو ئورووپا دەگرێ کە گۆیا وولاتانی ئورووپاو ئەمریکا دژمنی خەڵکی ئێرانن و ئەگەری هەیە فاکسینی کۆڕۆنای دروستکراوی ئەوان زیان بە خەڵکی ئێران بگەێنێ،ئیدعایەک کە بە تەواوی ناڕاستەو خامنەیی بە دەربڕینی ئەو درۆیەش، جۆرێکی دیکە لە دژمنایەتی خۆی و دەسەلاتەکەی بۆ خەڵکی ئێران دەسەلمێنێ و گیانی ملیۆنها مرۆف دەخاتە مەترسیەوە .
هاونیشتمانیانی بەڕێز ! لە کاتێکدا کە دەبوو بە هۆی هاتنی نەورۆزو ساڵی نوێ، زیاتر بیر لە خۆشی و شادی بکەینەوە و کەرنەواڵی جۆراوجۆر وەڕێ بخرێ و شادی و هەڵپەڕکێ بگێڕین، بە داخەوە بە هۆی سیاسەتی دژمنانەی دەسەڵاتداران لە ئیرانداو ئەو گشتە ستەم و جینایەتکاریەی دەسەڵاتی دواکەوتوی ئاخوندیی، لە نەورۆز و لە هاتنی وەرزی نوێ و ژیانەوەی سروشت چێژو خۆشی نابینن و تاڵی و سەختی ستەم، ژیانی دانیشتوانی ئێران و کوردستانی

دەچەوسێتەوە و کوردستان بۆتە گۆڕەپانی مانۆڕی هێزە سەرکوتگەرەکان وگرتن و ئیعدام و تڕۆر و ڕەشە کوژی و جێگەی تاقی کردنەوەی مووشەک و چەک و تەقەمەنی کۆمەڵکوژە. بەڵام سەرەڕای سەرکوت و چەوسانەوەو ملیتاریزە کردنی کوردستان،گەلی تێکۆشەر و مافخوازی کورد لە بەرانبەر جینایەت و ستەمی ئاخوندەکاندا،بێدەنگ نەبووەوە و بەردەوامە لە بەربەرەکانێی دەسەڵاتی دیکتاتۆرو هێزەجینایەتکارو ناوەندە ئەمنیەتیەکانی. کچان و کوڕانی کورد وزیندانیانی سیاسی نەبەزو خۆنەویست، چالاکانی ڕێکخراوە مەدەنیەکان، شاعیران و نوسەرانی شۆڕشگێڕ،مامۆستایانی ئایینی نیشتمانپەروەر،وەرزشکارانی نیشتمان خۆشەویست و ئوستادانی دانشگاە،مامۆستایانی قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن، هاوتەریبی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و خەباتکارانی سەنگەری دیفاع لە نیشتمان، دەوری گاریگەریان لە پاراستنی نیشتمان و بەردەوامی خەباتی نەتەوایەتیماندا گێڕاوە.
بەم بۆنەوە سپاس و پێزانینی خۆم و هاوباوەڕانم لە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پێشکەش بەهەموو ئەو تێکۆشەرو دڵسۆزانە دەکەم و دڵنیایان دەکەمەوە کە ڕەوڕەوەی خەباتی ئازادیخوازی گەلانی ئێران کە ئامانجی ڕوخانی ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی و هاتنە سەر کاری حکومەت و دەسەڵاتی دیموکڕاتیک و پارلمانیە، دێتە دی و خەڵکی ئێران بە ئازادی دەگەن و گەلی کوردیش بە ماف و ئامانجە ڕەواکانی شاد دەبێ.

بۆلاپەڕەی 2



پەیامی سکرتێری گستی، بە بۆنەی نەورۆزی ١٤٠٠کۆچی خۆریەوە وە {1}


به ڕێز بێ یادی ٣٧ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی تێۆشان {2}


بەشداری سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە کۆبونەوەی ساڵانەی شۆڕای میللی {2}


بەشداری سکرتێری گشتی لە کۆنفڕانسی یەکیەتی عەرەبی ئیسلامی بۆ پشتیوانی لە جولانەوەی ئازادیخوازی لە ئێران {2}


یادی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ,و یادێک لە ڕۆژنامەی تێکۆشان {3}


ڕێکەوتنامەی ڕژێم لەگەڵ چین بە ئامانجی دەربازبوون لە قەیرانی هەمەلایەنە {3}


کورد و داربەڕوو لە نیشتمانێکدا {3}


یادی سەروەران.{4،5}


هەژارکردنی بودجەی ساڵی ١٤٠٠ ، دەرفەتێک بۆ بە زیاتری خەڵکی ئێران {6}


گرێبەستی 25 ساڵەی نێوان چین و ڕژیمی ئاخوندی{6}


لە ئارشیڤی، وتارەکانی مامۆستای نەمر، مامۆستا شێخ جەلال وە لە یادی١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٤، ڕۆژی شەهید کرانی قازی موحەممەد و هەڤالانی {7}


بە ڕێوەچوونی ڕێ و ڕەسمی نەورۆز، لە بنکەی سەرکردایەتی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران {8}


**تا ستەمم لە سەرە ڕێی خەباتم لەبەرە**

## پاشماوەی لاپەڕەی یەک {1}

... بەم بۆنە پیرۆزەوە داوا لە هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران دەکەم بە ڕەچاو کردنی قازانج و بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان و بە مەبەستی زیاتر گەرم داهێنان و گەشە پێدانی جولانەوەی مافخوازانەو تێکۆشان بۆ ڕوخانی دەسەلاتی دیکتاتۆری ئاخوندی،ڕێگە بۆ کاری هاوبەش و چالاکی هاوبەش و یەکگرتوویی خۆش بکەین و هەر بەم بۆنەوە دووپاتی دەکەمەوە کە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە سەر بنەمای:١.هەوڵ و تێکۆشانی هەمە چەشنە بۆ دابین کردنی مافەڕەواکانی گەلی کورد .٢.خەبات و تێکۆشان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیک و پارڵمانی جیاوازی دین لە دەوڵەت.٣.سوور بوون لە سەر بەربەرەکانێ ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی و خەبات بۆ ڕوخانی ئەو ڕژیمەو ڕەد کردنەوەی ووت وێژ لە گەڵ ئەو دەسەلاتە مەزهەبی و دواکەوتوە .

سازمانی خەبات باوەڕی تەواوی بە کاری هاوبەش و سیاسەتی هاوبەشی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران هەیەو پێ وایە کە بە کاری هاوبەش ویەکگرتوویی وبە ستراتیژی هاوبەش دەتوانین خەباتی مافخوازانە بە پشتیوانیە بەردەوامەکانی جەماوەری کوردستان، سەردەکەوێ.

بێگومان تا ستەم بەردەوام بێ خەبات و کۆڵنەدان بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوا بەردەوام دەبێ و هاونیشتمانیانی کوردستان، نەورۆزو ساڵی نوێ دەکەنە هۆیەک بۆ زیاتر گەرم داهێنانی شۆڕشی ئازادیخوازی،هەروەها دەیکەنە شۆڕشی ژینگە پارێزی و مرۆڤ دۆستی و زیندەوەر دۆستی.داواکارم لە نەورۆزو بەهاردا، بە ناشتنی نەمام و درەخت جوان کردنی سروشتی نیشتمانمان ،ئەرکەکانی دیکەی نیشتمان پارێزی و نیشتمان خۆشەویستی بە جێ بگەێنن.

ئازادو ئاوەدان و سەرسەوزو بێ کوردستانی خۆشەویست

بڕوخێ ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی ،سەرکەوی خەباتی ڕەوای گەلانی ئێران. لە گەڵ پیرۆزبایی دووبارەم بە بۆنەی نەورۆزی پیرۆز و ساڵی نوێ 1400 کۆچی خۆری وبە درووشمی: نەورۆزی داربەڕوەکان، هێمای ژیانەوەی سروشت.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی بابەشێخ حوسەینی
نەورۆزی 1400 کۆچی خۆری

# به ڕێز بۆ یادی ۳۷ ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی تێۆشان

هاونیشتمانیانی بەڕێز!
تێکۆشەرانی کاری ڕاگەیاندن!

لە بەهاری ساڵی ١٣٦٣ی کۆچی خۆری و لە سەردەمێکدا کە بنکەکانی سازمانی خەبات بە هۆی هێرشی هێزە داگیرکەرو جینایەتکارەکانی ڕژیمی دواکەوتوی ئاخوندی، لە جێ گۆڕکێدا بوون بە خۆشیەوە لە مانگی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٣ی کۆچی خۆری،مانگنامەی تێکۆشان ئورگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە هەوڵ و ماندوو بوونی ڕێبەریی و ژمارەیەک لە کادری ڕاگەیاندن، یەکەمین ژمارەی چاپ بڵاو کرایەوە. ئەرکی مانگنامەی تێکۆشان لەو هەلومەرج و سەردەمەدا گەلێک قورس بوو،چونکە لە لایەک دەبوو زانیاریەکان لە سەر شۆڕش و سازمانی خەبات، و جینایەتەکانی ڕژیمی ئاخوندی لە بەرانبەر خەڵکی ئێران بە تێکڕاو لە بەرانبەر خەڵکی کوردستان بە تایبەت بە خۆێنەرانی بگەێنێ و هەروەها چالاکی و نەبەزی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لە ڕیزی سازمانی خەبات دا بڵاو بکاتەوەو خەڵکی کوردستان لە سەرکەوتنی پێشمەرگەکان لە مەیدانەکانی نەبەردیدا دڵخۆش بکات. ئەگەرچی ئەو هەلومەرجە گەلێک حەستەم بوو بۆ کاری ڕاگەیاندن و بڵاو کردنەوە، بە تایبەت بە هۆی کەمی دەستگای چاپەمەنی و پێداویستیەکانی وەک کاغەز، فۆتۆ ئێستێنسێل، ودەستگای دەستی چاپی (ڕۆنیۆ) و تەنانەت نەبونی تایپی پێشکەوتوو، بەڵام دڵسۆزانی سازمانی خەبات و بە تایبەت خوالێخۆشبوو مامۆستای تێکۆشەر مەلا محەممەد محەممەدی خاوەن کتێب فرۆشی لە شاری سەقز، بەشێک لە پێداویستیەکان و بە تایبەت فۆتۆئێستسێلی بۆ ڕاگەیاندنی سازمان دابین کرد کە جێگەی خۆیەتی لەم بۆنەدا درود بنێرین بۆ ڕۆحی بەرزی مامۆستا محەممەد محەممەدی و هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ناوخۆی کوردستان هاوکاری سازمانی خەبات و ناوەندی ڕاگەیاندنی سازمانیان کردوە .

سەرەڕای ئەو گشتە کێشە و بەر بەستانەی لە ڕێگەی چاپ کردنی مانگنامەی تێکۆشاندا هەبوون، بە داخەوە لە لاێکی دیکەوە چەند لایەنی کوردستانی بەربەست و کۆسپی جۆراوجۆریان بۆ کادرەکانی تەبلیغی سازمان پێک دەهێناو هەوڵیان دەدا ڕێگە لە بڵاو کردنەوەی تێکۆشان بگرن کە ئەو ڕێگریانە بوونە هۆی ئەوەی وەک پێویست بە دەست خۆێنەرانی نەگات . جێگەی خۆیەتی لە سی و حەوتەمین ساڵڕۆژی دەرچوونی تێکۆشان کە لە مانگی خاکەلێوە لە بناری کێوی گمۆ لە کوردستانی عێراق چاپ کرا، درود بنێرین بۆ




ڕۆحی بەرزی مامۆستا سەیید جەلال حوسەینی نووسەرو بەڕێوەبەری تێکۆشان لە چەندین ساڵی جیاوازدا و هەروەها درود دەنێرین بۆ ڕۆحی ئەو کادرە شەهیدانەی ڕاگەیاندنی سازمان و تێکڕای ئەو بەڕێوەبەرو سەرنووسەرانەی لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، بەنووسینی بابەت و ووتارو داڕشتن و چاپ کردنی تێکۆشان دەوریان گێڕاوە . هەر بەم بۆنەوە بە ناوی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران ڕایدەگەێنین کە سازمانی خەبات بەردەوام دەبێ لە کارو چالاکی ڕاگەیاندنی دڵسۆزانەو نیشتمانی و نەتەوەیی و هەر وەک چۆن لە ڕابردوودا بێ سڵەمینەوەو بە بێ ترس ئەرکی پیرۆزی شۆڕش و تێکۆشانی سیاسی و ڕزگاریخوازی و کاری ڕاگەیاندنی درێژە پێداوە،لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێ لە بە جێ گەیاندنی ئەو ئەرکە پیرۆزانە. لە گەڵ پیرۆزبایی دووبارە بە بۆنەی ۳۷ مین ساڵڕۆژی یەکەمین ژمارەی تێکۆشان ئورگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات.

# بەشداری سکرتێری گشتی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە کۆبونەوەی ساڵانەی شۆڕای میللی



ئێوارەی ڕۆژی ١١ی خاکەلێوە، سکرتێری گشتی سازمانی خەبات کاک بابەشێخ حوسەینی، وەک میوان بەشداری لە کۆبونەوەی دەورەیی و ساڵانەی شۆڕای میللی مقاوەمەتی ئێران کرد کە بە ئامادەبوونی خانمی مریەمی ڕەجەوی و ئەندامانی شۆڕا بەڕێوەچوو .لەو کۆبونەوە گرنگەدا سکرتێری گشتی سازمان، کاک بابەشێخ حوسەینی، وتارێکی پێشکەش بە ئامادەبوان کردو لە ووتارەکەدا جارێکی دیکە پێداگری سازمانی خەبات و بۆچونی جەنابیان لە سەر سیاسەتی دروست لە پێوەند بە جولانەوەی ڕەوای کوردستان و شۆڕشی ڕەوا لە بەرانبەر ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی دووپات کردەوە، و باسی لە گرینگی شۆڕشی گەلی کوردو ئەو گشتە ستەمانەی ڕژیمی ئاخوندی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان دەیکا کرد. لە درێژەی ووتارەکەی سکرتێری گشتی دا ئاماژە بە دژایەتی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان لە ئێران لە بەرانبەر گەلی کورد و بە تایبەت دژایەتی ڕژیمی شا، و ڕژیمی ئاخوندی لە بەرانبەر گەلی کورد کرا و ڕایگەیاند کە: شۆڕای میللی مقاوەمەتی ئێران وەک تەنیا ئالترناتیوی ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی، دەوری بەرچاوی لە بەرەوپێش بردنی خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی جولانەوەی سەرانسەری ئێران، لە جیهاندا هەیەو هەروەها لە ڕێبەرایەتی کردنی ئەو جولانەوەیە بە هاوکاری سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێران چالاکانە تێ دەکۆشێ. لە کۆتایی ووتارەکەی سکرتێری گشتی دا ئاماژە بە دووپاتکردنەوەی هاوپەیمانێتی سازمانی خەبات لە گەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵقی ئێران و شوڕای میللی مقاومەتی ئێران و سوور بوون لە سەر خەباتی بەردەوام لە پێناو ڕوخانی ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندی ئێران کرایەوە. شایەنی باسە لەو کۆبونەوەدا چەندین ووتاری گرنگ پێشکەش کران کە ووتاری خانمی ڕەجەوی جێگەی سەرنج و گرینگی زیاتر بوو بە تایبەت لە بەشێک لە ووتارەکەیدا پێداگری لە سەر دابین کردنی مافی خودموختاری بۆ گەلی کوردو گەلانی ئێران کردەوە.

# بەشداری سکرتێری گشتی سازمانی خەبات لە کۆنفرانسی یەکیەتی عەرەبی ئیسلامی بۆ پشتیوانی لە جولانەوەی ئازادیخوازی لە ئێران



ڕۆژی چوارشەممە 25ی خاکەلێوەی 1400ی هەتاوی، کونفرانسێک لەژێر ناوی یەکیەتی عەرەبی و ئیسلامی بۆ پشتیوانی لە جولانەوەی ئازادیخوازی بەشێوەی ئۆنلاین بەڕێوەچوو و کاک بابەشێخی حوسەینی سکرتێری گشتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وتارێکی تایبەت بە هەڵسوکەوتی ڕژێم لە حاست سونی مەزهەبەکان و بەگشتی کوردستان پێشکەش کرد.

کاک باباشێخ لە وتارەکەیەدا تیشکی خستە سەر هەڵسووکەوتە خراپەکانی رژێم لە کوردستان و ئێران و ناوچەکە و وتی: رژێم بەناوی دین نەک هەر خەڵکی کوردستان و ئێران بەڵکوو خەڵکی تێکراِی ناوچەکەی تووشی کێشەی گەورە کردووە. بەڕێز سکرتێری گشتی سازمانی خەبات هەروەها ڕووی لە بەشداربووان کرد و وتی: نوێنەرانی وەڵاَتانی ئیسلامی و عەرەبی بەشدار لەم کۆنفرانسە، هەر وەک ئاگادارن رژێمی خوێنرێژی ئاخوندی لە ماوەی 42 ساڵ دەسەڵاتداری خۆی دا لە هەموو فێڵ و تەڵەکەیەک بۆ زەربەدان لە ژیانی پێکەوەیی ئیسلامی و ئینسانی لە ئێران و وەڵاتانی ناوچەکە کەڵکی وەرگرتووە. ئەو دەسەڵاتە خۆی بە داشداری ئیسلام دادەنێ، بەڵام لە بنەڕەتدا بە هەموو توانایەوە دژایەتی لەگەڵ ئیسلام و موسڵماناندا دەکا. دەسەڵاتداریی ئاخوندی لە ئێران لە ماوەی 42 ساڵی رابردوودا هەموو توانای بۆ دژایەتی و لێدانی نەتەوەکانی ئێران بەکار بردووە. بەتایبەت خەڵکی کوردستانی ئێران لەلایەن ئەو رژێمە خوێنرێژ و دژە ئینسانیەوە زوڵم و زیانی زۆری لێ کەوتووە.

بەڕێز کاک بابەشێخ سکرتێری گشتی سازمانی خەبات لە درێژەی وتارەکەیدا و لە چوارچێوەی سەرکوت و زوڵم و زۆری رژێم لە خەڵکی کوردستان و بەتایبەت پێشڕەوانی دینی وتی: رژێمی ئاخوندی دەستی نە لە سونی و نە لە هیچ پێکهاتەیەکی دیکەی کوردستان نەپاراستووە، ئەو دەسەڵاتە مامۆستا مەلا برایمی حیکمەت کە 80 ساڵی تەمەن بوو لەسێدارەدا تەنیا لەبەر ئەوەی سونی بوو.کاک بابەشێخ لە درێژەدا ئیشارەی بە هاوئاهەنگی و پێوەندی بزوتنەوەی کوردازستان بە جولانەوەی سەرانسەری کرد و وتی: سازمانی خەبات و پێشمەرگەکانی سازمان هاوتەریب و دۆستانە لەگەڵ سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێران و شۆرای ملی مقاومەت زیاتر لە رابردوودا بۆ ئاشکرا کردنی کردەوەکانی رژێمی بێزرا و دژە ئیسلام و دژە مرۆڤی ئاخوندی لە کۆمەڵی نێونەتەوەیی و ناوچەکە هەوڵ دەدا.

شایانی گوتنە ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرس و کادر و ئەندام و پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات لەو کونفرانسە بەرینەدا بەشدار بوون.

# ڕێکەوتنامەی ڕژێم لەگەڵ چین بە ئامانجی دەربازبوون لە قەیرانی هەمەلایەنە

نووسینی: شۆڕش حاجی



ڕێکەوتنامەی 25 ساڵەی ڕژیمی ئێران لەگەڵ وڵاتی چین لە ڕۆژانی داهاتوو, جارێکیتر یادەوەری ڕێکەوتننامەی تورکەمەنچای لە بیروڕای گشتی زیندوو کردەوە و بۆ جارێکیتر خاکی ئێران لە ئاکامی سیاسەتە هەڵە و زیدەخوازییەکانی دەسەلاتدارانی ئاخوندی لە هەڕاج درا. هەر چەند تا ئێستا دەسەڵات لە بڵاو بوونەوەی ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتننامەیە خۆ دەبوێرێ و باس لە وردەکارییەکانی ئەو خاک فرۆشیە ناکات, بەڵام ئەوەی لە زانیارییەکانی پێشوو دەرئەکەوێ, باس لە سەرمایەدانانی 400 میلیارد دۆلاری چین لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی کەرت و ژێرخانی ئابووری دەکات و لە بری ئەوەش بردنی نەوتی ئێران بە نرخێکی زۆر کەم و داشکێندراو. ڕوون و ئاشکرایە ئەو ڕێکەوتننامەیە لە ئاکامی درێژەدان بە سیاسەتە هەڵەکانی ئاخوندان و کەوتنە ناو گەمارۆی هەمەلایەنەی نێودەوڵەتی و وەدیهاتنی قەیرانی جیددی ئابووریی لە وەڵاتی ئێرانە و زێدەخوازیی و هەوڵەکانی ئاخوندەکان بۆ دەستراگەیشتن بە چەکی ناوکەیی کە بە زامنی مانەوەیان لەسەر حوکم دەزانن, وای کردووە ئاخوندان, لە, هیچ جۆرە شەرمەزاریی و جینایەت لە ڕاست گەلانی ئێران نەپرینگێنەوە. وەک دەبیندرێ لە دوایین هەوڵیشیاندا بۆ ماوەی 25 ساڵ ئێرانیان ڕادەستی وەڵاتی چین کردووە و ەەت تنن ڕژیمی ئێران بە خەیاڵی خۆیان, دەیانهەوێ وەک بەرپەرچدانەوەیەک بە سیاسەتی تەحریمی نێونەتەوەیی لەگەڵ وەڵاتی چین ڕێککەون و بە گومانی خۆیان فشارەکانی ڕۆژئاوا لەسەر خۆیان, ناهێلن و دەتوانن ڕووبەرووی جیهان ببنەوە و ئەسبی خۆیان لە بەستێنی ئەتومی تاو دەنێ و بەرەوپێش بتازێن. ئەو هەڵە موحاسەباتیەی ئاخوندان لەوانەیە وەرچەرخانی گەورە لە ڕەوتی ڕووبەڕووبونەوەی جیهان لە ڕاست ئێران ت بۆ زانینی ئەو بابەتە پێویستە ئەسڵی کێشەکە ڕوونبکریتەوە و بزانین ناوەڕۆکی کێشەی ڕۆژئاوا و ئێران چیە ئێرا وەلاتێکی دیکتاتوری فاشیستیە کە, دەیهەوێ لە ڕێگەی چەکی, ناوکەیی پێگەی خۆی لە ئاستی ناوچە و جیهان پەرە پێبدا و قایم بکات و هاوکات هەڕەشەی سڕینەوەی وەلاتان و بەرنامە شومەکانی بۆ هەناردەکردنی شۆڕشە قێزەونەکەی بۆ جیهان بکات. هەر بۆیە کۆمەڵگای جیهانی بە پشت بەستن بەو زانیارییانە ڕازی بە پەسەندکردنی ئێرانێکی ناوکەیی نابن و ە ە ە ە ڕژیمی ئاخوندی دەبێ بزانێ بۆ وەستاندنی ئەو بەرنامە شوومەی ڕۆژئاوا لە هەر ڕێگەیەک ئەگەر پڕ تێچووش بێ کەڵک وەردەگرێ و بۆیە دەسەلات, گەر بیر بکاتەوە کە لە ڕێگەی ئەو ڕێکەوتنامەیە دەتوانێ بەربەرەکانێی کۆمەڵگای جیهانی بکات و بە خەیاڵی خۆی درێژە بە پرۆسەی دەستراگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بدات, هەڵەیەکی گەورە ئەکات. لە بارودۆخێکی لەم چەشنە بژاردەکانی تری وەک هێرشی نیزامی دێنە گۆڕێ جا چ لە ئاستی نیونەتەوەیی دابێ یان هێرشی ئەگەرێکیتر ئەوەیە کە ڕژێم بۆ پڕبوونی دەستی لەسەر مێزی وتوویژ ، ملی داوە بە ئەنجامدانی ئەو ڕێکەوتنە و وەک کارتێکب لە هەر هەڵ و مەرج و بەهەر ئامانجێک بێ زیانی قەرەبوونەکراوە لی خەڵکی ئێران بە گشتی ئەدرێ و لەوانەیە ئاسەوارە یر ئەو بابەتە تەنیا ئەو ڕاستیە دەردەخات کە ڕژیم لە پێناو مانەوە و حوکمی نارەوای لە هیچ جۆرە جینایەت و کارەساتێک سڵ ناکاتەوە و ئەگەر پێویست بێ سات و سەودا لەسەر هەموو خاکی ئێران و گەلانی نیشتەجێی بکات لە پێناو مانەوەی دەسەلاتداریەکەی ئەوە بە بێ دوودڵی دەیکات. پێویستە چاوەڕێبین لایەنەکانی ناوەڕۆکی ئەو ڕێکەوتنە ، لە ڕۆژانی داهاتوو زیاتر دەرکەوێ و ئاستی خەسارەتەکانا یا. و قسەی کۆتایی ڕوون و اشکرایە چەندەی ئەو دەسەڵاتە لەسەر تەخت بمێنیتەوە قەبارەی زیان و خەسارەتەکان بەرەو زیاد بوون دەڕۆن.

# یادی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی, و یادێک لە ڕۆژنامەی تێکۆشان

نووسینی: یەحیا ڕەسووڵی



22ی ئاوڕیلی 1989لە شاری قاهیرەی وەڵاتی میسر یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی "کوردستان" بەدەست و هەوڵی زانا و بیرمەندی کورد بەڕێز میقداد محەمەد بەدرخان چاپ و بڵاوکرایەوە.لەو ڕۆژەوە هەموو ساڵێک بە نووسین و چالاکی جۆراوجۆر لە بەشەکانی کوردستان ئەو یادە دەکرێتەوە و ڕێز لەو ڕۆژە دەگیرێت بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەی کوردی ئەویش لە دوور وڵات بوونی خۆی سەلماند و چووە بەردیدەی خوێنەرانی. ئەویش لە قۆناغێکدا کە لە کوردستاندا ئیمکان و کەرەستەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە لەبەر دەست دا نەبوو و زۆربەی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوار بوون و لە بارێکی زۆر ئاڵۆز دا دەژیان و ڕۆشنبیران و تێکۆشەرانی کورد دەرفەتی لە چاپدان و بڵاو کردنەوەی بیر وبۆچوونەکانیان نەبوو. هەوڵەکانی میقداد بەدرخان ئەو دەرفەتەی گەشەکردنی ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیەکان، ئەگەر لە کاتی هەڵگیرسانی شۆڕشەکانیشدا بووبێ، بۆ وێنە لە سەردەمی شۆڕش و حکومەتداری شێخ مەحموود و کۆماری کوردستان چاپخانە لە شارەکان دامەزرا و درێژەیان بە خەباتی ڕۆشنگەری و بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی دا. ئەو قۆناغانە بۆ ڕۆژنامەی کوردی سەردەمێکی زێرین بوو کە بتوانێ بە ئازادی چاپەمەنی و بڵاوکراوە کوردیەکان ڕەونەقیان پێ بدرێ، هەروەها لە ساڵەکانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی رابردوو ڕۆژنامەکانی خەبات، ئازادی، دەنگی کورد، ڕۆژی نوێ و ڕوناهی دەورێکی کاریگەریان گێڕا لە ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگەی کوردی هەروەها کەسایەتییە کوردی و خارجییەکان بە نووسین و چاپ کردنی کتێب و وتار ئەم ڕەوتە ڕۆشنبیریەیان بۆ پێشەوە برد. بۆ نموونە کریس کۆچێرا، علاالدین سەجادی، ئیبراهیم ئەحمەد، مامۆستا هەژار، مامۆستا هێمن، کاکەی فەلاح، گیوی موکریانی، عەبدولکەریم ئەفەندی، پیرەمێرد، حوسێن حوزنی موکریانی و دەیان و سەدان کەسایەتی ڕۆشنبیری کورد بە زمانەکانی کوردی، فارسی، عەرەبی و ئینگلیزی و فەڕانسەوی کتێب و ناملکەیان لە چاپ دا بۆ وشیارکردنەوە و دەرخستنی ڕاستیەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر واقعی ژیان، خەبات و تێکۆشان بۆ پاراستنی زمان و ئەدەبی کوردی. ئەم ڕەوتی ڕۆشنیرییە تا بە ئەمڕۆ درێژەی هەیە، بەڵام بەبیانووی جۆراوجۆری وەک بە حیزبی کردن، تاشینی کەلیمات و ... کەوتۆتە بەر ڕەخنە و گلەیی خوێنەران، و پێیان وایە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی کوردی لە ڕێگەی ڕاستەقینەی خۆی لای داوە، هەر ئەوەش کاریگەری کردووەتە سەر ئەوەی خوێندنەوە و بەکارهێنانی ڕۆژنامە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە ڕێژەیەکی زۆر ڕوو لە دابەزین بکات. هەروەها فەزای مەجازی بێ کۆنترۆڵ و بێ سەروبەرە، ڕۆژنامەی کوردی و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و بەرزکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵگەی دواخستووە و تووشی پاشەکشەی کردووە.وێڕای ئەو خاڵە لاوازانەی لە ئێستادا لە سەر ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی کوردی باس دەکرێ بەڵام مێژووی ڕۆژنامە کوردیەکان و خەبات و شەونخونی نووسەران و کادری چاپەمەنی و گەیاندنیان بە دەستی خوێنەران، هەر دەبێ بەرێز و پێزانینەوە یاد بکرێتەوە. من بۆ خۆم چەندین ساڵ لە ئینتشاراتی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و بە دیاری کراوی لە ڕۆژنامەی تێکۆشان کارم کردووەو لە نزیکەوە شاهێدی ئەو ڕاستیەم کە نووسەرانی ئەو ڕۆژنامە بەتایبەت مامۆستا سەید جەلالی حوسەینی و کادرەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە چەندە ماندوویی نەناسانە خزمەتیان بە ئامانجە سیاسی، نەتەوەیی، ئەدەبی و زمانەوانیەکان دەکرد.لەم یادە پیرۆزەدا سەری ڕێز و وەفا بۆ هەموو ئەو ڕۆشنبیر و نووسەرە بوێر و ئازایانە کە بێ ترس و بوێرانە بە قەڵەمەکانیان گیانی خۆیان خستە مەترسییەوە و تووشی کوشتن و زیندان و ئەشکەنجە و دەربەدەری بوونەوە کە بەم ئەرکە ئەخلاقی و ئینسانیەی خۆیان نەیانهێشت بواری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری کوردی دوابکەوێ، جێگای خۆیەتی لەم یادە پیرۆزەدا یادێک لە هاوڕێی شەهید حوسەین کەریمی بکرێتەوە کە یەکەمین پێشمەرگەی شەهیدی مانگانە تێکۆشانی ئۆرگانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، کە لە ئەرکی گەیاندنی بڵاوکراوەکان و بیری سیاسی و نەتەوەیی سازمانی خەبات بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە شەڕێکی قارەمانانە و خۆڕاگریدا گیانی سپارد و چووە ڕیزی شەهیدان.یادی هەموو ئەو مرۆڤە ڕەنج دیتوو ماندوو نەناسانەی ڕۆژنامەگەری کورد بەتایبەت ڕۆژنامەی تێکۆشان، لە ناویاندا هاوڕێی شەهید حوسەین کەریمی بەرز و بەرێز بێ.

# کورد و داربەڕوو لە نیشتمانێکدا

نووسینی: عەلی بەهرامی






کورد وەکوو نەتەوەیەکی دیار و کاریگەری خۆرهەڵاتی ناوەراست, مێژووی شارستانیەتی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە ٣٠٠٠ سێ هەزار ساڵ لەوە پێش, وەکوو مێژوو ناسان ئیشارەی پێ دەکەن مەنزڵگەی نەتەوەی کورد زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس بووە و زۆرجار بە زاگرۆس نشینەکان نێوی هاتووە. نەتەوەی کورد خاوەن یەکەم ئەزموونی دەوڵەتدارییە بە ناوی "ماد" و لە دوای مادەکانیش خاوەن خۆبەڕێوەبەری بووە لە ناوچەکانی خۆی و هیچ کات ئامادە نەبووە نیشتمانەکەی تەسلیمی هێزی داگیرکەر بکات, بەڵکوو نیشتمان, کەلتوور و شارستانیەتی خۆی پاراستووەلەگەڵ ئەم نەتەوە دێرینەدا, جۆرە دارێکی جوان و بەسوود لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان بەدرێژایی ئەم مێژووە ماوەتەوە کە لە کاتی هێرشی داگیرکەراندا پشتی کوردی بەرنەداوەو سەرکەش و بەسام و هەیبەت لە لوتکەی شاخ و دۆڵەکانی ئەم نیشتمانەدا ماوەتەوەو سینگی بە دڵی خاکەوە ناوەو نە بە سوتان و نە بە بڕین ، نەیانتوانیوە لەناوی ببەن ، و لە دوای هەر کارەساتێکی کە بەسەریدا هێنرابێ سەر لە نوێ قورس و قایم لەسەر داربەڕوو دەگوترێ لەوەتی شاخ و کێوەکانی کوردستان هەیە داربەڕووی لێ دەڕوێ , هەر بۆیە زۆر جار کورد بە داربەڕوو دەشوبهێندرێ یان دەوترێ کۆچی کورد لەگەڵ کۆچی داربەڕووەکانە !

لەگەڵ ئەو ڕستە جوانانەدا گیاناسانیش شاهیدی بۆ دەدەن و تەمەنی ئەم دارە لە ٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ ساڵە.داربەڕو و لێڕەوارەکان بوونە جێگەی حەوانەوەی تێکۆشەران و پارتیزانانی کورد لە کۆن تا ئێستاو هاونیشتمانانی کوردستان کەڵکی جیاجیایان لە دار بەڕوو وەرگرتووە , هەم لە دار و گەڵاکەی و هەم لە بەرەکەی , واتە بەڕوەکە. زانایانی ژینگە لەوە زیاتر دەرۆن و باس لەسەر لایەنە بەسوودە ژینگەییەکانی داربەڕوو دەکەن و دەڵێن:داربەڕو ک ئەویش لە ڕێگەی هەڵمژینی کانزا و پێکهاتە زیانبارەکانی ناو خاک و کەڵکیان لێوەردەگرێ بۆ پێویستیە ئۆرگانیەکانی خۆی , هەروەها ڕێگە دەگرێ لە ڕامالینی خاک, بەتایبەت لە شاخ و کێوەکان و بە هۆی ریشەی زۆر و بەربڵاو , هاوکات بە گەڵا پان و زۆرەکەی ڕێگە لە لێزمە باران دەگرێ خاک بشواتەوە و ڕای ماڵێ.دار بەڕوو بە سەرچاوەی خۆراک بۆ گیانلەبەران و باڵندەکان دادەنرێ ، ئەوەش بەو مانایە کە لەو ناوچانەی داربەڕوو یەکێکە لەو دارانەی لە دوای بڕینەوەو سوتان زۆر بەخێرایی دەژییێتەوە و هەڵدەداتەوە. هەروەها یەکێکە لەو دارە کەم وێنانەی لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەوادا زوو خۆی دەگونجێنێ بەتایبەت لە وشکە ساڵی و گەرمادا.بە لە بەرچاو گرتنی ئەو تایبەتمەندیانە دەکرێ بوترێ "بەروو" هێما و سەرچاوەی خێر وبێر, پتەوی و قایمی, ئاوەدانی و زیندوویەتی, پارێزگاری و پشتیوانی دێتە ئەژمار و لە شوناسەکانی جوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان نزیکە و ئیلهام بەخشی بەردەوامی لەسەر تێکۆشانێکی بێ وچانی پۆڵایینە لە بیرو هزری هەر تاکێکی کوردستان.

بەم پێیە پێویستە ئێمەی کورد بۆ پاراستنی ژینگەی وەڵاتەکەمان لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر خەم لە هاوڕێی دێرینی نەتەوەو نیشتمانەکەمان بخۆین و هەڵمەتەکانی چاندن و پەرەپێدانی داربەڕو لە کوردستاندا زیاتر و بەرفراوانتر بکەین . بەتایبەت لە ئێستادا کە رژیمی ئاخوندان لە هەر سەردەمێکی دیکە زیاتر هەوڵ بۆ فەوتاندنی دارستانەکان و تێکدانی.

با لە ساڵی 1400 ی هەتاوی, چاندن و پاراستنی داربەڕووەکان بکەینە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆمان و بە چاندن و پەرەپێدانی ئەم دارە بە پیت و بەرەکەتە , ژینگە و نیشتمان بپارێزین!

تێکۆشان. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە : {329} ساڵی سی و شەشەم . 30 خاکەلێوەی 1400 ی کۆچی خۆری .20 مارسی 202 زاینی



# یادی سەرووەران.






زینـدەوارێک کەپێـی دەڵـێن ئـادەمیزاد قـازانج ویستە ، عەداڵەتیشـــی دەوێ و قازانجیشـــی دەوێ ، بەڵام هەردوکیـانی بۆخـۆی ەۆخـۆ ئـادەمیزاد عەداڵەتـی بەقـازانجی خـۆی دەوێ و لەسـتەم لە خـۆی بێـزارە ، هەروەهـا ستەمیشـی بە قـازانجی خـۆی دەوێ و گە ە ە ئەگەر بـاوەڕ بە هاوبەشـی ئینسـانان لە ژیـان داپتەونەبێ, ئەگەر دەروون بەهەست و پڕ شەرم نەبێ, ئەگەر ئنسـاف وحەق ویسـتی نەبـێ, ئەگەر بەزەیـی و دڵسۆزی نەبێ, ئادەمیزاد هەر لەسەر خۆی هەڵـدەقرێ و هەر بـۆ خۆی هاواردەکاو هەر بۆخـۆی هەوڵ ئەدا ئەم و ئەو ئاویان لە لالێغاوەی بێ چاوی فرمێسکی تێ ناگەڕێ و ئەگەر سەریان ژێر لەشیان کەوێ دانـاێتەوە تلیان پـێ بـداو وەریـان گێڕێ, خـۆی چۆنی لـوا بـۆی ئەوە خـووی سروشـتی ئـادەمیزادە, بەپێـی زینـدەواریەک کە هەیەتـی بەڵام زینـدەواری شـتێکەو ئینسـانیەت و ئـادەمەتی شتێکە. ئـادەمیەتی بەڕاستی هەموو ئادەمیان بە چاوێـک تەماشا دەکاو پێوەندی نێوان ئادەمیان بە تەنیا ڕەنگ و شێوە نـابینێ و ئـادەمیەتی لە وێـنەو لەشوو دیمەنـدا کـورت ناکـاتەوە, بەڵکـو ئـادەمیزاد بە بـوونەوەرێکی بەرزتـر لە بـوونەوەرانی زینـدوو وبـێ گیـان دەزانـێ. بوونەوەرێـک دەبینێ کە بەدیمەن زینـدەوارە ، بەڵام پڕ لە هەست هۆشیاری ، پڕە لە لێهـاتوویی سەر دەرچـوویی. ژیـانی زینـدەوارانە بەشـیاوی پـلەی بەرزی ئەوان نـابینێ, بەڵکوو ژیـانی کۆمەڵایەتـی و هاوبەشیوو هاوکـاری و یـارمەتی بە شـیاوی پـایەی بەرزی ئەوان دەزانێ و دەبینـێ, ئەو ئـادەمیزادانە لە ژیـانی (من من وتۆ تۆیی وهەرکەس هەولی خۆی بێ) داخ دارن و لاڕێ لە ڕێ ڕاسـت دەبـن, جـا ئـادەمیەتی بەڕاستی دڵسـوزی کۆمەڵـی ئادەمەو هەوڵ ئەدا ژیانی ئادەمیزادان ئادەمیانە بڕواتە پێشەوە دەزەنـێ تـا ماف دا بەش نەبێ بە سەر هەموان دا و ڕێگە نەدرێ بە هەموو کەس لە چارەسەری گیرو گرفتی ژیاندا بە پێـی تواناوە ستەمگەری و ناڕەوا نەپێچرێتەوە لە جیهاندا, ژیانی ئادەمیزاد نابێتە ژیـانی ئـادەمیزادانە و هەر وەک جەنـگەڵ و نـزارو بێشـەلانی وەحشیانی لێ بە سەر دێ.

لە هەموو ڕۆژگارو چەرخاندا هێندێ ئـادەمیزاد هەبوون کە نرخـی ئینسـانیان بە باشـی زانیـوە and ڕێبـازی ئینسـانیەتیان. زانیویـانە کە بەرگـرتن لە سـتەم و ستەمگەران پـارێزەری مافی ئینسانانەو حەیوان سفەت و خـۆ پەرەسـتان هـۆی شـێوانی ژیـانی ئـادەمیزادانن و هەوڵیان داوە کە بە بارهێنان و تـێ گەیانـدن, نالەبـارو تـێ نەگەیشـتوان بهێنێـتە سـەر ڕێـگەی ئینسـانیەت و حەوانەوە و بـێ ئـازاری, کە پێغەمبەرانـی خـودا دروودی خوایان لـێ بـێ سەرۆکی ڕابەرو ڕێنوێنیان بـوون ، هەتـا کرابێ بە تـێ گەیانـدن و ڕێنوێنی چارەسەری نـاتەواوی کۆمەڵیـان کـردوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەسـتەیێک لە ئـادەمیزادان بـوون کە پێشیان نـاخۆش و باوەڕیـان بە ئینسـانیەت لاواز بـوە کە بە ئامۆژگـاری پێویستی کـردوە بە هێزی دەسەڵاتبەر لە زیان کاریان بگیرێ و کۆمەڵێ ئینسـان لە دەست ئەوان بپـارێزێ, واش ڕێ کەوتوە بەوە نەتەکیونەوە و بەربەرەکانی دڵسۆزەکانیان کردوە سەری کێشـاوەتە جەنگ و تێک هەڵچوون و پێک داهاتن. کێ حەقە و کـێ لە ڕێ ڕەوادا دەکـوژرێ و ژیـن و مردنـی بەرزەو بەنـرخە, کە لە لاسـاری و لە بـاری داو لە دەستدرێـژی دا دەکـــوژرێ, نـە ژیـانی نرخـــی هەیە و نەمردنـی لاساری و لاڕێـی لاسـار و لاڕیـان دەردی نـاو کـۆمەڵی ئـادەمیزادە و بەربەرەکـانی و خەبـاتیش دەرمـانی بەرگـری ئەو دەردە ژیان شێوێنەیە, خۆیان دەبینن کە ئێمە گەلی کورد بیست و چەنـد ملیۆنی چەن چەرخە کە چـارەنوس و خـاک و ئـاو بونەوەرمـان لە دەسـت چەوسـێنەرە و داگیرکەرانـدایە و کەرامەت و ئیحترامـی ئینسـانیان وەک میلەتێـک کە سـەرکردە زەوی پێشێلکراوە و ستەمگەران بە خوی دڕەنـدەیی لەگەڵ ئـێمە دەبـزوونەوە, نە بە خـوی و ئینسـانی. ئەوەکێبـێ بە داوی ئێمـە بگـاو دەرمـانی ئەو دەردە درێژخـایەن و ئەو نەخۆشـیە کە وەک ڕەگـێ گـوڵی وایە بگا؟ تەنیا گەلی کورد بۆ خۆیەتی کە دەبێ لەسـەر خـۆی هەڵـداتێ و بەر لە نـاڕەوای ئەمـوو ئەو بگـرێ مـافی خـۆی بە دەست بـێن دەنـا بە داخەوە ئـادەم خـووانێکی یەک گرتـووی بە دەسـەڵات نین کە لە سـەر حەق فەوتـاوان هەڵقرێن ، دەستی زۆرداران کورت ن هەموو دەسـەڵات داران لە کڕین و فرۆشی گەلان و ساتوو سەودا لە سەر قازانجی ئەم و ئەودان. ئەوی هەیە و نـیە, ڕاپەڕینـی گەلـی ستەم لـێ کـراوی کـوردە کە ڕاپەڕن و دەسـتی زۆر دارن کـورت کەنەوە و بـژین لە خەباتـدا و بمێـنن لە ڕێ خەباتـدا, ژیـانی بە شـانازی و مەرگـی پـڕ لە شـانازی بـۆ خۆیـان بەرن, جـا لە سەر ئەو بـنەڕەتە بـێ درزو کەلەبەرەیەو لە سەر ئەو بیرە ڕاستەو لەسـەر ئەو بـاوەڕە بنەڕەتـدارە کە لە دوخ ڕاستترەو دەدرەوشێتەوە, وەک ڕۆژێ ڕۆنـاک و پەڵە هەوری دوودڵـی تێدانیە گەلـی کوردی ستەم لێکراوی بەشخوراو, ماوەی چەنـد ساڵە خەبات دەکـا خوێنی بە دەستی بێگانە چاو جنۆکەکـان دەڕژێ و مێشکی عەداڵەت خوازی بە گـولەی سـتەمکاران دەپـڕژێ. بەڵـێ پـاڵەوانی ئەمڕۆمـان لە یـادی سـەرووەران دا کـاک سـەید عەبـدوڵا ئـارامە کە نـاوی سازمانی ماموستا وریایە, بەڕاستی ڕەنگە لە هـیچ ڕیزێکـی شۆڕشـی کوردسـتان دا هەڵ کەوتوییکی وا نەبـوبێ کە بەو شێوە ژیـانی شۆڕشـی بـردبێتە سـەرو بەو شـێوە سـەرەنج ڕاکێشە شەهید ببێ. ماموستا شەهید ئارام ڕۆژێ ئـاسمانی خەبـاتی خوێنـاویە. ئیمـان تەواو و خوا پەرەست و دادخواو ئەمین بە ئیمان سـەبرو ڕۆڵەی نەبەزیوو. کـاک ئـارام کە سـاڵی دووی دانشـگا بـوو زۆر جـار هەناسـەی هەڵ دەکێشـا کە ئـاخ کـورد سـەردەکەوت و دەچـومە دانشـگا دەم خوێنـد. بەڵـێ ماموستا ئارام بەو عیشقەوە کە بە خوێندن و زانیاری بووی و بێ ئەوەی پـێش دەرکەوتنـی پێوەنـدی بە سـازمانی خەبـات و شۆڕشـەوە لـێ دەرکەوتبێ لەتـاو دەردی گەلە خۆشەویسـتەکەی هـاتە ڕێـزی شۆڕشـەوە لە پێنـاوی سـەرکەوتنی شـۆڕش دا لە تێگەیانـدنی خەڵـک و عامڵانـدنی پێشـمەرگە و هەر ئەرکێـک کە دەخـوا سەرشـانی ئەو پەڕی لـێبـوردن و دڵسوزیەوە ڕەنجی دەکێشا.

هەزار درود لە گیانی پڕ لە شانازیان.

سەرکەوتو بێ خەباتی گەلی کورد،مردن بۆ داگیرکەران و خۆفرۆشان.




گەلانـی سـتەم لێکـراو ژێـر دەسـتی زۆردارانـن و چەوسـاوەی ستەمکارانن.دەسەڵاتدارانی بێ بەزەیی بوونە دەریالوش و بە هیچ شتێک تێر نابن. گەلان تـاڵان دەکەن و وڵات دەگرنە ژێر دەست و سـەروەت و سـامانیان ڕامـاڵ دەکەن. دەسـەڵاتداران هەمـوو کردەوەیـانە و هەموویان بە یەکتری دەڵێن (نەمن دەنگ ونە تۆ دەنگ) پشتیان لە یەکتری کـردووە دەمیـان ژانـدۆتە کەلاکی بـێ چارەو بـێ دەسـەلاتان. ئەوەی کەوت کەس نییە دەستی بگـرێ و سەری ژێر خۆی کەوێ کەس نییە ڕاستی کاتەوە، کەس بە هاواری لێقەومـاوان نـایێ و کەس لەسـەر هەژاران هەڵ نـاقرێ. هەژار و ژێر چەپۆکەکان دەبێ بۆ خۆیان فریای خۆیان بکەون و خۆیان لە هاواری یەکتر بێن. گەلانی ژێر چەپۆکی ژێر دەست هەر خۆیـانن کە خۆیان ڕزگـار دەکەن هەر دەبێت خۆیـان ڕاپەڕن و بـاری گرانـی زۆرداران لەسەر خۆیان لابەن و ئـازادی و سەربەخۆیی و کامەرانی و شـادی بـۆ خۆیـان پێـک بێـنن. گەلـی کوردی لێقەومـاوی خـاک دابەشکراوی حەق فەوتـاو، وەک هەمـوو لێقەوماوانی تـری جیهـان دەبـێ خـۆی فریـای خـۆی کەوێ. دەبـێ کـوردی لێقەومـاوی خـاک دابەشـکراو خـۆی تـاو داتە خەبـات و بەربەرەکـانێی زۆردارو داگیـرکەران. کـارگەرو ڕەنجـدەران کە بەشـی زۆری گەلـی کـوردن، زیاتر لە هەموو کەس هەست بە ستەم دەکەن و خەبات و تێکۆشان بە ئەرکی سەرشانیان دادەنێن، دەبینن کە ڕێبازی سازمانی خەبات چـونکە ڕێبـازی کـوردایەتیە، بـۆتە جـێگەو پـێگەی هەژاران و ڕەنجدەران لە هەموو لایەکەوە لێی ئاڵاون و دێنە ڕیزیەوە. دەبینێ کـاروانی شەهیدان کـاروانی هەژار و چەوساوانە بەرەو بەهەشت و ڕەزای خـودا ڕێ دەکەون.فیـداکاری و لە خـۆبردوویی ئەوانە بـێ وێنەیە. چـونکە چـاک ئیمانیـان بە پێویستی و زەرورەتـی خەبـات هەیە و ئەوان چاک دەزانـن کە چەوساوەیی گەلـی کـورد بە دەست بێگـانەی داگیـرکەر بـۆتە هـۆی دواکەتـن و ڕۆح شکاوی ئەو گەلەو گەشـەی لەدڵیـان نەهێشـتووە. هەر شـەهیدێکی سـازمانی خەبـات دەیگری نمونەی ئازایی و قارەمانییە چونکە تا ئیمان پتەوتر بێت بە خەبـات داخ لە سـتەمگەر زۆرتـر دەبـێ. تێکۆشـان و خـۆ بەختکـــــردن و فیـــــداکاری زیـــــاتر دەبـــــێ.

بەهبەه ! چەنـد خۆشە یـادی شەهیدە بەنرخەکـان کە لای خەڵـک سەربەرزن. گوڵی مەجلیس یادی سەرووەری ئەمڕۆمان , ئیسماعیل سـلێمان زادەی سـارده کوێسـتانیه.

ئیسماعیل لە بنەماڵەیەکی کاسب و بەخـۆوە ژیودا لە دایک بووەو تەمەنـی خـۆی لە سـەرەتای مێـر منداڵیەوە هەتـا کـاتی شۆڕشـی کوردستان بە ڕەنج و هەوڵی خۆی و زەحمەتی زۆر بۆ پەیدا کردنی بژیوی گوزەراندووە. پاشان ئەرکی پەیاکردنی بژیوی خاوخێزانێکی زۆری بەئەستۆوە بووە. لەگەڵ ئەوەش دا کە ژیانی خاو خێزانێکی زۆری بە ئەستۆوە بووە هەستی نەتەوایەتـی و باوەڕ بە خەبـات و تێکۆشانی گەلەکەی و داخ لە ستەمگەران و داگیرکەرانی کوردستان هـانی دا کە لە خەبـاتی پیـرۆزی کوردسـتان هـاتە نـاو ڕیـزی پێشـمەرگایەتیەوە.لە سـەرەتای سـاڵی 59 دا هـاتە نـاو ڕیـزی پێشـمەرگایەتی لە سـازمانی خەبـات داو زۆر بە دڵسـۆزی و لـێ بوردووییەوە لە خەباتی حەقخوازانەی گەلەکەمان بەشداری کرد. تـا لە ڕۆژی 16ی خـاکەلێوەی سـاڵی 1361 دا لە گونـدی یەکشەوە لە پشتی بۆکـان لەگەڵ شەش هەڤاڵی تێکۆشەر، شەش برای کوردپەروەر و بەنرخ کە سەردەستەی شەهادەتیان کاک وریا ئارام بوو. شەهید ئیسماعیل لە پلەی بەرپرسیارەتی نیزامی دا شـەهیدبوو، بـوو بە یەکێـک لە حەوت ئەسـتێرەی پرشـنگ داری ئاسمانی خەبـات و بەرێـز و بە سەر لە هەندایەکی لە گۆڕستانی گونـدی شـنکی کەنـدی لە پەنـای یەک دا نێـژران. شەهیدان نـامرن سمبولی ئـازادین چیـای سـەر بەرزن وفەخـری میللەتن




بنەمـاڵەی کـوردی کـورد پەروەری شـەهید عوسـمان لە ژیـانی نەدارانە و کوردانەدا بۆ بێشکەی عاملاندن و زانکۆیی بارهێنانی شەهید عوسمان و دەرسی خۆڕاگری لە بەرانبەر هەر کۆسپێک دا فێر کرد. شەهید عوسمان ساڵی 1345 لە گوندی ئاختەتەری نـاوچەی بۆکـان لە دایک بـووە .هێشتا لاوێکـی کەم تەمەن بـوو دەیویست بتوانێ باشتر هۆی بنەڕەتی کەماسیەکانی کۆمەڵگەکەی بناسـێ و بزانـێ چین و چـۆن لەنـاو دەچـن. بە داخەوە شـەهید عوسمان نەیتوانی بە شێوەی پێویست لە خوێندن ومەکتەب چێژ وەرگرێ و گەشە بکات. بەڵام هەر بە تاسەی زانستەوە بوو.. لە سـاڵی 1359 دا ڕیـزی پێشـمەرگەکانی سـازمانی خەبـات وەک ڕیزێکی پـاک و پـڕ لە فیـداکاری بـۆ بەربەرەکـانی داگیرکەرانـی کوردستان هەڵبـژارد و چەکـی شـەرەفی کـردە شان. ئەوجـا زانـی ئەوەیە خەبـات دژی ملهـۆر و داگیـرکەر و چەوسـێنەر. شـەهید عوسمان خەباتی خۆش دەویست، وای خۆشدەویست کە ئامادە بـوو بۆ پاراستنی بوون و مافی سازمانەکەی بەگڕ هەر چەشنە بەرچاو تەنگێـک دا بچێـتەوە. دەمەتەقەی شـەهید عوسـمان وحەسـەن بازوکـا، دوای مەرگـی پـڕ لە شـانازی ئەو دوو شـەهیدە سـەرەڕای هەموو فیـداکارییەک ئەو مەبەسـتە باشتر دەسـەلمێنێ و لە سـەر دڵان دەچەسپێ، شەهید عوسمان قوتـابییەکی ماموستا وریا بـوو، لە سەفەری شـانازی خولقێنی یەک شـەوەدا لێـی جیـا بـوونەوە و لەگەڵی ڕۆیی بەرەو مەنزڵی دوایـی و لە ڕۆژی 16ی خاکەلێوەی 61 ی کۆچی خۆری دا لە دوای شەڕێکی سەخت و خوێناوی لەگەڵ دوژمنـانی لە مێـژینەی کـورد دا شـەهید بـوو. چرایەکـی دیـکەش شـەبەقی خسـتە ڕێگـای دوورودرێـژی خەبـات و خەبـاتگێران. بەرز وبەرێـز بێ یـادی شـەهید عوسمان عەبوو هەموو شـەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان.




شەهید حسێن ساحیب نەزەربەبڕشتترین چینی شۆڕشگێڕ کە لە هەموو قۆناغەکانی خەبات دا بەشی فیداکاری لە خۆ گرتـووە دەوری بنەڕەت و سـەرەکی بینیـوە، چینـی چەوسـاوەو زەحمەتکـێش بـوە. چەوسـاوەو زەحمەتکێشەکان بە ئارەقی ناو چاوەنیان پێچکەی ڕەوڕەوەی شۆڕشیان چەرخاندوەو بە باسکی بەهێزیان نەیانهێشتووە هیچ داگیرکەرێک کۆسپی بخـاتە سـەر ڕێ. ئەو ڕەو ڕەوەوە ئەگەر کـرابێتە هێـزی یەکگرتـوی ئەو چینە قـایم لەشکان نەهـاتووە لە بەینـی بـردوەو ڕای مـاڵیوە و ڕێگـای ڕەوتەکەی پاک کردۆتەوە. شەهید حسێن ساحێب نەزەر، بەنەزەر نمونەی زەحمەتکێشێکی شۆڕشگێڕ بوو.کە ئاسەواری نەسرەوتن تا سەرکەوتن لە قەڵافەتـی پیاوانەیـدا ڕەنگـی دەداوە. شـەهید حسێن لەکڵـی نەداری و هەژاری و ئـاوارەیی هـاتبووە دەر، دەرسـی خـۆڕاگری و مقـاومەتی لە درێژەی ژیانی خۆیدا دەخوێندەوە. شەهید حسێن ساحێب نەزەر کوڕی مام فەتحوڵا خەڵکی جاندارانی نـاوچەی سەردەشت بـوو، کەنـد کۆسپەکانی ژیانی پاڵیان پێوەناو بە کوردستاندا سوڕاندیانەوە، بنەماڵەی شەهید حسـێن گونـدەکانی نـاوچەی بۆکـان و شـاری بۆکـانیش گەڕان، شـەرەفی کوردانەی لە بنەماڵەدا گوڵی کردبوو، شەهید حسێن نمونەی ئەو هەستە پاکە بوو.لە ساڵی ١٣٥٨ دا کە ئاگری دوژمن سوتێنی شۆڕشی کوردستان مەزاری داگیرکەرانی گرتەوە و شاڵاوی گڕی خەبـات ئـاتەکی تاوانبـار دەسەڵاتداری قوم و تارانی هەڵقرچاند، شەهید حسێن چەکی شەرەف و پێشمەرگایەتی لە شان کرد، لە ماوەی سێ ساڵ پێشمەرگایەتیدا تـوانی ئەمەکـی خـۆی بـۆ کوردسـتان بـداتەوە و لە بە جـێ هێنـانی گەورەتـرین ئەرکی خوێدا، کە بەگڕدا چونەوەی هەموو چەشنە ستەم و هەموو ستەم گەرێکە سـەرکەوتوانە هەڵـدەسووڕا. شـەهید حسێن نزیک بە چل سـاڵ ژیـانی سـەربەرزانەی لە یەک شـەوەی نـاوچەی فەیزوڵابەگـی بۆکـان لە شـەڕێکی قارەمانـانەدا لە دژی هێزەکـانی ڕژێـم و ولایەتـی فەقـیەی خـومەینی لەگەڵ شـەش بـرای هاوسـەنگەر و هـاو بـاوەڕی شـەهید بـوو. هەزار سڵاو لە گیانی شەهیدانی یەکشەوە

تێکۆشان. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە {329} ساڵی سی و شەشەم . 30 خاکەلێوەی 1400 ی کۆچی خۆری .20 مارسی 202 زایینی




دەفتەری سەروەران پەڕتوکێکی زێڕینە کە هەزاران داستانی شیرین وتاڵ و کارەساتی ڕۆژانی هەور و ساماڵی لە ناو ماڵی لاپەڕە پڕ لە کارەساتە سەر سووڕهەێنەرەکانی خۆی تۆمار کردووە کە هەر وشەیەکی یادی شۆڕە سوارێکە و هەر پێستێکی دیمەنی دەردی هەژارێکە. دێرەکانی پێنووسیان لێنەدراوە و بە پەنجەی هیچ نووسەرێک نە نەخشاوە. بەڵکو لە ناخی دەریای تاریکی شەوی ڕەشی بێ بەشدا بە دەستی بەهێز و پیرۆزی خەبات. لە بەر شەبەقی ئاگری ڕوناکی شۆڕشدا پیت بە پیت دێربە دێر بە نوکی فیشەک گەرمی خەباتگێڕان نووسراوە و لە سەر رووپەڕی دڵی خاوێنی خاوە هەستان چاپ کراوە. گەرماو سەرماو با و باران و دەستی نەگبەتی زۆرداران ناتوانێ پیتێک کاڵ وەکا. وشەکانی بڵێسەی ئاگری فیداکارین، فیداکاری بۆ ڕزگارین پیتەکانی سکاڵای دیلی و هەژارین. ڕستەکانی بە گڕی شۆڕش داڕژاون، بە خوێنی شەهید سوور کراون، نوختەکانی ئەسرینی گەشی خوێنن. پەڕەکانی گەلێک ڕازاوە و ڕەنگینن، ئەو پەڕتووکە قەت کۆن نابێ، هەر تازەیەو تا دنیا بێ تێ گەیشتن و پێگەیشتن و خەبات لە پێناو سەربەستی و نەبەزی و ڕانا ناوەستێ، هەمووی مانای ئەو پەرتوکەن، پەرتووکی یادی سەروەران، یادی سەربەرزی نەمردوو، یان بڵێین بە مردوو زیندوو... با وەک هەموو جارەکانی پێشوو یادی دوو شەهیدی کوردستان بکەینەوە.یادی کردەوەکانیان، یادی بیروباوەڕ و بڕیاریان، یادی لە خۆبردووییان، یادیان زیندوو بکەینەوە بە درێژایی ڕێگایان، بە دەرس وەرگرتن لە کردەوەیان. با یادیان زیندوو بکەینەوە هەر وەک بۆ خۆیان زیندوون و جێگەیان ناو دڵی نەتەوەکەمانە. چونکە شاعیری کورد دەڵێ: پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتن شیوەن و گرین، نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا دەژین. دەزانین لە کۆڕی یادی سەروەراندا هەمووتان لە گەڵمانن، هەموو ئەوانەی خاوەن باوەرن، خاوەن هەستی نیشتمان پەروەرین، هەموو ئەوانەی ئەویندارى ئازادی و سەر بە خۆیین. چونکە یادی سەروەران یادی ئەوانەیە کە لە حەستەمترین هەل و مەرجدا شەرەفی نەتەوەکەیان پاراستووە و تاپۆی بوون و مافی نەتەوەکەیان بە خوێن نووسیوە. بە داگیرکەرانی کوردستانیان سەلماندووە کە پارێزەری ئەو ئاو و خاکەن و هەموو ئاکامێکی تاڵ و هەموو چەرمەسەرییەک لە پێناو ویستی گەل و ئامانجەکەیاندا وە خۆدەگرن. هەر سەربەرز دەمێنن و هەر سەربەرز دەمرن. فیداکاری لە پێناو ویستی نەتەوایەتیدا تایبەت نەبووە بۆ چینێکی جیا لە کوردستاندا. بەڵکو هەموو چینەکانی خەڵکی کوردستان بێ بەشی و هەژاری خۆیان لە پێشێل بوونی مافی نەتەوایەتیدا دیوە و دەبینن و هەموو تێکڕا خەباتیان بۆ کردووە. شەهید محەممەد خالیدی و شەهید محەممەد ڕەسوڵی ( شێنانی ) دوو فیداکاری ڕێی ڕزگاری و ئاوەدانی کورد و کوردستان بوون کە وێڕای 5 هاوباوەڕیان لە ڕۆژی 16ی خاکەلێوەدا لە ( یەکشەوە ) مەلی سرکی ڕۆحی پاکیان لە قەفەزەی سینەی ساف و بێ کینەیان هەڵفڕی، لە گوڵزاری باغی بەهەشتی شەهیدان دا لە سەر چڵە پۆپەی شەرەف و شانازی نیشتنەوە. هەزران سڵاو لە یادو ناوی هەردوو شەهید و سەرجەم شەهیدانی کوردستان.




یادی سەروەران کۆڕێکە کە یادی شەهیدانی تێدا دەکرێ بۆ زیندوو کردنەوەی دڵانی مردوو. یادی سەروەران سروەی بەیانە و نمی بارانی بەهارییە کە لە دڵی مردووان وگیانی دەنگ پەڕیوان و ورە چوان دەبارێ، یادی شەهیدان داچڵەکێنی ئەوانەیە کە لە گوێی گا دا خەوتوون بە هەموو ڕوداوێک دەڵێن بەتوون. لە تەڕ خواردوویانە و لە وشکی نوستوون. یادی سەروەران، سەروەری سوور پۆش دێنێتەوە بەرچاو کە سەروەرانی دایکانی چاو بەگریان دەکەن، کە دایکان لەگەڵ هەنیسکان و فرمێسکی دڵۆپ دڵۆپ خوێنی سەر گۆنایان دەسڕنەوە و لێوی خۆیان بەددان دەپچڕێننەوە کە دوژمن خوێنی ڕوومەت نەبینێ و دەنگی شیوەن نەبیستێ. یادی سەروەران خوێنی سوور وسوێری شەهیدان بە برینی سارێژی شۆڕشگێران دا دەکا و دەکوڵێتەوە و سۆی دێنێتەوە، یادی سەروەران هەستان دەبزوێنێ و بەستان دەشکێنێ و بەندان دەپسێنێ. یادی سەروەران یادی شەهیدانە و پەیمان گرێدانە کە خوێنیان وشک نەبێتەوە و ڕێبازیان کوێر نەبێتەوە، بەتایبەت شەهیدێک کە برینی، برینی دڵانە پڕیشکی پەژارەی دەستە چیلەی کڵانە. دیارە بەڕێزی و زۆر ڕێزی، بۆ وێنە شەهیدێکی کەم وێنە کاک سادقی زەندی ناوی سازمانی(قانیع) پێشمەرگەی بەبیرو ژیرو لێزان و بە ئیمان و کادری بە باوەڕ و خوا پەرەست و بەبڕشت. شەهید قانع کوڕی بایز لە بنەماڵەیەکی هەژار لە دێی (خمانە)ی شاربازێری کوردستانی گەرمێن لە دایک بووە. لە ڕێکەوتی 1360 چەکی پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی سازمانی خەبات لە شان کرد. شەهید قانع لە فێرگەو قوتابخانەکانی کوردستانی گەرمیان دیپلۆمی وەرگرتبوو. خوێندەوارێکی باش بوو. شەهید قانع باوکی لە بنەڕەت دا خەڵکی قورمێشی ناوچەی بۆکان بوو. بەو هۆیە دڵی بولای شۆڕشی کوردستانی ئێران چوو بوو. ئەوە بوو هاتە ناو کوردستانی کوێستان و هاتە ناو ڕیزی سازمانی خەباتەوە. شەهید قانع زۆر باوەڕی بە شۆڕشی کوردستان لەسەر ڕێبازی سازمانی خەبات هەبوو. تێکۆشانی لە ناوچەی گەورکی مەهابادو بۆکان ودۆڵی میرەدێ دەکرد. جوێ لەوە لەبەر بەرەکانی جەنگیش دا چاوی نەدەترسا. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی بێت

ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدە سەربەرزەکانمان بێ پسانەوە بەرەو لوتکەی پیرۆزی شەهادەت وەرێ دەکەون و یەک لە دوای یەک بە خوێنی پاک و گەشیان تۆماری شانازی بۆ گەلەکەیان مۆر دەکەن و بە نرخی گیانیان گیانێکی تازە دەخەنە بەر خەباتگێڕانی دوای خۆیان، و بە مردنی بە ڕواڵەتیان گەلەکەیان بە زیندوویی دەهێڵنەوە. گەلی چەوساوەی کوردستان وەک گەلێکی خاوەن باوەڕ بە سەربەستی وەک ژێر چەپۆکەیەک کە دەبێ بۆ ڕزگاری لە ستەم تێ بکۆشێ، بە ئەرکی نەتەوایەتی خۆی دەزانێ کە لە پێناو وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی خۆیدا بێ وچان و شێلگیرانە خەبات بکاو چالاکانە تێبکۆشێ، هەر بۆیە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی خوێناویدا بە دەستی دلێر و بە هێزی ڕۆڵە بەشەرەف و فیداکارەکانی ئاڵای بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی هەڵگرتووەو لەسەر لوتکە خوێناویەکانی کوردستان بە تینی شۆڕشیان هەڵکردووە و هەر وەک گەلێکی شۆڕشگێرو زیندوو لە بەرانبەر زۆرداران و ملهۆڕان و خوێن مژانی مێژوودا ڕاوەستاوە و لەم ڕێگا حەستەم و پڕ لە کەندو کۆسپەدا هەزاران هەزار شەهید و بریندار و نقوستانی کردۆتە قوربانی و زۆر شار وگوندی کوردستان بەم هۆیەوە بەدەست دوژمنان کلیس و کاوول کراون و دارایی و سامانی زەحمەتکێشانی کوردستان بوونە دەستە چیلەی شەڕی داسەپاو بە سەر کوردستاندا، بەڵام تا مێژووی خەبات درێژتر بۆتەوە و زەبر و زەنگی دوژمنانی نەگریسی کورد وکوردستان بەرین ترو بەتین تر بووە، خۆڕاگری و ورەی ڕۆڵەکانی کوردستان بە هێزتر و بەرزتر بۆتەوە و پلەی تێ گەیشتن و شۆڕشگێڕیان زۆرتر چۆتە سەرو لە مەودایەکی بەرینتردا ئاگریان بەرداوەتە تەمەنی پڕ لە شوورەیی دوژمن و ئۆقرەیان لێ بڕیوە. دووبارە گەردوونی ئاکار بەلاوە چوو و چەرخی چەپگەڕ لەگەڵ دایکی دێوەزمەی زەمانەو شەوی کوێرە دزی دایک تۆقێن خۆیان بە کەلێنی خانووی ژیانی هەڵوەشاوەدا هێلایەوە ناو باغی غەمڵاوی پیر نەمامی سەربەستی و ئازادی نەتەوەکەمان و شۆڕە نەمامی پڕ هیوا و هومێدی گەلە چەوساوەکەمانی لە باوەشی قەهریی یەکجاری خۆی گرت، وەک شەهید ئەمیر بەهرامی ناسراو بە (ئەمیر مەریوانی) بێ. دووبارە لاپەڕەی مێژووی شۆڕشی نەتەوەکەمان بە خوێنی پاکی باشترین و بە هەستترین ڕۆڵەی خۆی، خۆی ڕەنگاند کەژانی خوێنی ورەی زیاتر دەدا بە دڵان، هەرووک دیمەن و وێنەی ڕەغبەت دەدا بە گوڵان. شەهید ئەمیر کوڕی ئەحمەد




خەڵکی مەریوان کوڕە کوردێکی ژیر و نەدار و خاوێن بوو و ئەویندارێکی بەڕاستی کوردایەتی بوو. هەر لە سەرەتای ژیانیەوە لەگەڵ دێوەزمەی نەداری و ژێرچەپۆکی دەستە و یەخە بوو، لە تەمەنی 8 ساڵیدا باوکی شەهید ئەمیر بەرەو زانستی علومی دینی لە یەکێک لە مزگەوتەکانی گوندەکانی دەوور و بەری شاری مەریوان ڕەوانەی کرد و ماوەی 2 ساڵ لە لای مەلا ئایینیەکان دەرسی دینی خوێند، پاشان بۆ بەرز کردنەوەی پلەی زانیاری خۆی تا ساڵی ئەوەڵی ڕاهنمایی خوێند. شەهید ئەمیر لە ساڵەکانی ئەوەڵی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی دام و دەستگای چەپەڵی شایەتی وەک هەموو لاوەکانی دیکەی کوردستان، چالاکی و ئازایەتی نواند. لە ساڵی 1359 دا بوو بە پێشمەرگەی لایەنێکی موخالیفی ڕژێم و دوای هەڵسەنگاندن و تاقی کردنەوەی سازمانی خەبات لە هاوینی ساڵی 1360 دا هاتە ناو ڕیزی پڕ لە شانازی پێشمەرگەکانی سازمانی خەباتەوە و زۆر ئازایانە و لێ هاتوویانە شان بە شانی هاوسەنگەرەکانی لە زۆربەی شەڕەکانی بانە و سەردەشت و شوێنەکانی دیکەی کوردستان بەشداری کرد. لە مانگی 12ی ساڵی 1363 دا لە لایەن کومیتەی شارستانی بانەوە بە ئەندامی کومیتەی ناوچەی (حەوتەوانان) لە بەشی ماڵی دامەزراو بۆ ئەنجامدانی کارو باری شۆڕش و سازمانەکەی لەگەڵ هاوبیر و باوەڕەکانی ڕەوانەی ناوچەی دەشتە تاڵی بانەوە بوو. شەهید ئەمیر زۆر دڵسۆزانە و ئازایانە کاروباری پێ سپێردراوی خۆی ڕادەپەڕاند کە بەم هۆیەوە بوو بە خۆشەویستی هەموو هاوسەنگەرەکانی و خەڵکی ناوچە. بەڵام بە داخێکی گرانەوە لە ڕۆژی 1364/1/16 کە بۆ مەئمووورییەتی سازمانی چوو بوونە گوندی (شەیدیلە) لە لایەن دوژمنانەوە گەمارۆدران و دوای شەڕێکی سەخت بە گولەی ناپیاوانی مێژوو پێکرا و چاوی پڕ لە ئەندێشەی ئەوینداری بە گەل و سازمانەکەی لە سەر یەک دانا و دڵی پڕ لە ئاوات و ئارەزووی لە کار کەوت.




بەختەوەری و سەربەرزی بۆ هەتا هەتایە بۆ ئەوانەیە کە ساتەکانی نێوان بوون و مردنیان بە سەرەتای ژیانی بێ برانەوە دەبڕێتەوە، شانازی بۆ ئەوانەی کە چۆڕە نەوتی چرای هەناسەی سەر دونیای پڕ لە ستەم و تاوانیان لە شەوەزەنگی خەبات و تێکۆشاندا بە گڕە بای گڕی دەسەڵاتی داگیر کەر کڵپە دەکا و پەیکەری گەوهەریان بە نووری ئەوینی خودایی دادەگیرسێ و تەرمی بە خوێنیان کە لە کورەی شۆڕشی بێدادیدا بە ئاگری ستەم و تاوان کڵپە دەکا و فریشتەی گیانی پیرۆزیان بەرەو بەرزی بارەگای ئیلاهی و بۆ لای مەنزڵگای ئەبەدییەت ڕێ دەگرێ، بەڵێ ئەوانەی گۆی سەرکەوتنی مەیدانی ژیان دەبەنەوە لە دوایان ژیانی سەر زەوییان سەرەتای ژیانێکی بێ بڕاوانەیە، ئەوانە ئەو شەهیدە سەربەرزانەن کە لە پێناو وەدەست هێنانی ویستە ڕەواکانیان دا لە پانتایی بە گژدا چوونەوەی زاڵم هاوار دەکەن و کوردانە هەڵمەت دەبەنە سەر دامودەزگای ستەم و ستەم پەروەری و لەو ڕێیەدا دەکەونە داوی داگیرکەرانەوە و بە دەستی دوژمنان دەکوژرێن، شەهید سەید تاهیر خزری، کوڕی سەید ئەحمەد خەڵکی ماوەڵای ناوچەی سەردەشت پێشمەرگەیەکی قارەمان و فیداکار دژی بەکرێگیراوانی ڕژێمی خومەینی خوێن ڕێژ بوو، کە بەو پەڕی فیداکارییەوە 5 ساڵ پێشمەرگایەتی بۆ گەلەکەی کرد و بە سەربەرزییەوە لە ڕێی شۆڕشدا شەهید بوو. ڕۆژی 19ی خاکەلێوەی 1364 کە پێشمەرگەکانی خەبات لە ناوچەی سەردەشت لە نزیک گۆمەکورتەک لە سەر جادەی مەهاباد- سەردەشت دەیانویست بە ناو مەیدانێکی میندا تێپەڕن لە حاڵێکدا کە سەید تاهیر برینداریکی بە کۆڵەوە بوو کەوتە سەر مین و بە توندی بریندار بو، قاچێکی لە دەستدا، بەڵام لەو کاتەدا کە ورەی پێشمەرگەکان زۆر لە سەرەوە بوو،هەموو خۆشەویستەکانی کاک سەید تاهیر کەوتنە تەقەلا بۆ ئەوەی بتوانن گیانی ئەو ڕۆڵە شۆڕشگێڕەی گەل بپارێزن، خەڵکی ئازا و بە هەستی ناوچە یارمەتی زۆریاندا بۆ گواستنەوەی ئەو برا پێشمەرگەیە بەرەو ناوەندی شۆڕش. لە ڕێگادا کاک سەید تاهیر گیانی پڕ بایەخی پێشکەش بە باوەر و نیشتمانەکەی کرد و لە سەعاتەکانی ئاخری شەودا شەهید بوو. وە لە گۆڕستانی گوندی بانەزێڕ درایەوە بە نیشتمانی دایک و داوای لێکرا کە وەک ئەمانەتێک بی پارێزی. شەهید سەید تاهیر 25 ساڵ تەمەنی بە هەژاری لەم دیواودیوی کوردستانی گەرمێن و کوێستان بردە سەر. بارودۆخی ژیانی شەهید سەید تاهیری ئازا و نەبەز و خۆڕاگر بارهێنابوو. هەر بۆیە لە ریزی هەرە چۆست و چالاکەکاندا ناو دەبرا. شەهید سەید تاهیر گیانێکی لە دەستدا لە پێناو باوەرەکەیدا، ئێمە پێشمەرگەکانی خەبات خۆشەویستەکانمان لە دەست ئەدەین، ئێمە خەڵکی کوردستان، ڕۆڵە ئازاکانمان لە دەست ئەدەین بۆ ئەوەی ئەو ڕێبازە بە خوێن ڕەنگاوە تا لە گۆڕنانی هەموو ستەمەکان و تا ئاوەدان بوونەوەی کوردستان، هەر پڕ ڕێبوار بێ.
شەهیدە سەربەرزەکانمان لە دڵی میللەتی شەهید پەروەر هەموو کات دەژین

## خوێنەری بەڕێز و خوێن شیرینی تێکۆشان!

**تێکۆشان وەخوێنە، لێی ورد وەبە و تێبرامێنە، بابەتەکانی هەڵسەنگێنە و لە شەن و کەویان بدە و کاکڵە و دانەی دەربێنە،بە ڕەی ڕەخنە و تێبینی بی پێوە و چەقەڵ وچەوەڵ و چەوتی و چەوێڵی و هەڵەکانیمان پێراگەینە. بێگومان بە بژار و ناوکوڵ کردنی ئێوەی ئایز، لە دێبەری تێکۆشان دا، بەر و بەرهەمی باش و بە سوود ڕەنێوە دێت!.**

# بودجەی ساڵی ١٤٠٠ ، دەرفەتێک بۆ بە هەژارکردنی زیاتری خەڵکی ئێران

نووسینی: عەلی بەهرامی



١٢ ی سەرماوەزی ١٣٩٩ ی هەتاوی پێشنووسی بوجەی حکومەتەکەی رۆحانی لە دوای مشتومڕێکی زۆر شەممە ٢٨ ی رەشەممەی ١٣٩٩ لەلایەن مەجلیسی رژیمەوە پەسەند کرا. لەکاتێکدا بوجەی پێشنیارکراوی حکومەتی رۆحانی لەلایەن مەجلیسی رژیمەوە پەسەند کرا کە بێکاری, هەلاوسانی ئابووری و هەژاری هەموو کون و قوژبنێکی ئێرانی گرتووەو خەڵکی ئەو وەڵاتە بە هۆی هەلاواردن و جیاکاری سیستەماتیکی دەسەلات تووشی دەیان دەرد و دیاردەی کۆمەلایەتی بوونەتەوە, خەڵکی ئێران وەها دۆخێکیان لە سەردەمی قاتوقڕیەکانیشدا تەجروبە نەکردوە .

کابینەی ئاخوند رۆحانی لە بوجەی ئەو ساڵیشدا هاوشێوەی ساڵانی پێشوو ئەولەویەتی داوە بە هێزە سەربازی و ئەمنیەتیەکان, ناوەندەکانی بەسیج, حەوزەکان و چالاکیە دەرەکیەکانی سپای پاسداران و سپای قودس و گروپ و تاقمە تیرۆریستیەکانی سەر بە رژیمی ئاخوندی لە ناوچەکە. لە پاڵ ئەوەدا بەیتی رێبەری, کابینەی حکومەت, ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی, شیرکەت و بانکە حکومەتیەکان و زۆرێکی دیکە لە ناوەند و دەزگاکانی دەسەلات گرینگی تایبەتیان پێدراوە. ئەوەی لە بوجەی پەسەندکراو ئەو ساڵی رژیمدا هیچ گرینگیەکی پێنەدراوە دۆخ و کێشەکانی خەڵکی ئێرانە کە بە هۆی نەزانی, گەندەڵی بەرپرسان, فەسادی ئیداری, هەڵلوشین و بەتاڵ کردنی سەرمایەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لەلایەن بەرپرسانی ئەو رژیمەوە سەرچاوەی گرتووە.

رۆژی چوارشەممە 8 ی بانەمەڕ هەواڵدەری حکومەتی ئێرنا بڵاوکردەوە کە دەستکاری بوجەی 1400 کراوە و رێژەی هەشت هەزار ملیارد تمەن بە بوجەکە زیاد کراوە و ئەو برە پارەیەیش بۆ 20 ئورگان و ناوەندی دەسەلات تەرخان کراوە و بەشە بوجەی ئەو ناوەند و ئورگانانە زیاد کراوە کە بریتین لە: بۆ بەسیج 2046 میارد تمەن, مەجلیس 359 ملیارد, ئەنجومەنی بەرزی حەوزەکانی عیلمیە 102 ملیارد, زانستگای ئیمام حوسێنی سپا 361 ملیارد, سازمانی پروپاگەندەی ئیسلامی 200 ملیارد و چالاکانی فەزای مەجازیی دەنگ و رەنگی رژیم 1500 ملیارد تمەن تەرخان کراوە.لە کاتێکدا دەستکاریەکی لەو شێوەیە لە بوجەی پەسەندکراوی 1400 دا دەکرێ کە بەپێی ئیعترافی بەرپرسانی رژیم نزیک بە 50 ملوێن ئێرانی لە بورسدا پووڵیان خواروو ماڵیان بەتاڵان براوە, بە هەزاران کرێکار لە یەک دوو ساڵی رابردوودا حەقدەستیان پێ نەدراوە یان لەسەر کارەکانیان بەبێ قەرەبوو دەرکراون, مامۆستایان, پەرستاران, خانەنشینان حەقدەستەکانیان پێ نادرێ و لە ژێر هێڵی هەژاردان و کۆڵبەران و کاسبکاران زیاتر هەژار دەکرێن و رێگە بە کارکردنیان نادرێ و هیچ جۆرە قەرەبوویەک بە خانەوادەکانیان بە رەوا نابینرێ.بە ملوێنان ئێرانی لەژێر چەتری رێکخراوی دابینی کۆمەلایەتی (تأمین اجتماعی) دان و بۆ پاروەنانێک موحتاجن و هیچ ئیمتیازێکی ئەوتۆیان پێ نادرێ, هەروەها بەشی تەندروستی تادێ زیاتر و زیاتر تووشی دارمان دەبێ. هەروەها کەرتی پەروەردە و فێرکردن هیچ ئاوڕێکی لێ نەدراوەتەوە لە کاتێکدا لە زۆر ناوچەی ئێران خەڵک لە بوونی قوتابخانەیەکی ستاندارد بێ بەشن و لە ناوچەگەلێکی وەکوو سیستان و بەلوچستان لە کەل و پەلی سەرەتایی کەپر و ژوور ساز دەکرێ و وەکوو قوتابخانە کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. زۆر پارێزگا و ناوچەی ئێران کێشەی ئاوی خواردنەوەیان هەیە و چەندین ساڵە خەڵکەکەی بەدەست بێ ئاویەوە دەناڵێنن و ناوەند و دەزگا پێوەندیدارەکانی دەسەلات هیچ ئاوڕێکیان لەو بابەتە نەداوەتەوە. ژینگەی ئێران بەتایبەت پانتایی دارستانەکان تا دێ زیاتر و زیاتر قەیرانـاویی و بچوک دەبێتەوە و دەشتاییەکان پەرە دەستێنن کە ئەوە مەترسیەکی دیکەیە بۆ سەر ژیانی خەڵک و دەسەلاتیش نە بای دیوە و نە بۆران. ئاوڕدانەوەی رژیم و زیادکردنی بەشە بوجەی ئەو ناوەندانەی ناویان هاتووە لە کاتێکدایە, ئەو ناوەندانە نەک هەتا ئێستا گرێیەکیان لە کێشەکانی خەڵکی ئێران نەکردووەتەوە بەڵکوو بوونیان بووەتە بارگرانیەکی زۆر بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە. بۆ وێنە بوونی بەسیج و ئورگانەسەرکوتگەرەکانی دیی, مەجلیس و شۆرای نیگابان و مەجلیسی خوبرەگان, شۆرای بەرزی حەوزەکانی عیلمیە و تێکڕای حەوزەکان, زانستگای ئیمام حوسێنی سپا و باقی ئورگانەکانی سپا, رێکخراوی پروپاگەندەی ئیسلامی باقی دامەزراوە بە ناو ئیسلامیەکان و چالاکانی فەزای مەجازیی دەنگ و رەونگی رژیم وتی : لاڕای دەزگای پروپاگەندای ئەو دەسەلاتە چ سود و قازانجێکیان بۆ ئێران و ئێرانیەکان هەبووە جوێ لە سەرکوت ولە راستیدا بەرنامەی بوجەی رژیم نەک هەر بۆ زیاتر هەژار کردنی خەڵکی ستەملێکراو و هەژاری ئێرانە بەڵکوو تایبەتە بە بەهێزکردنی ناوەندە ئەمنیەتی و سەربازیەکان و پۆشتە و دڕتر کردیان بۆ ئەوەی لە کاتی هەر راپەرینێکی برسی و هەژارانی وەڵاتدا رێگرن بن لە بڵێسەسەندنی ئاگری شۆرشی برسی و هەژاران و دەسەلاتە گەندەڵ و دز و دواکەوتووەکەیان لە ئاگری رق و توورەیی خەڵک.



# گرێبەستی 25 ساڵەی نێوان چین و ڕژیمی ئاخوندی



گرێبەستی هاوکاری نێوان ڕژیمی ئێران و چین کە لە ژێرناوی هاوکاری ٢٥ساڵە ناوبانگی دەرکردووە، لە ڕۆژی شەممە ٧ی خاکەلێوە، لە تاران لەنێوان وانگ ئی وەزیری دەرەوەی چین و محەممەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ڕژیمی ئێران، واژۆ کراوە. ناوەرۆکی ئەم گرێبەستە ماوەی چەندین ساڵە باسی لێ دەکرێ، بەڵام لەم چەند ساڵەدا بە ڕاشکاوی باسی ئەوە کراوە کە جەزیرەی کیش بە تەواوی دراوەتە چینیەکان، تەنانەت لە ساڵی ١٣٩٨ لەڕۆژنامەیەکی بریتانی ڕاپۆرتێکی لەسەر دەنوسرێ، بەڵام بەرپرسانی ڕژیم ئەم ڕاپۆرتە ڕەد دەکەنەوە. ئەم ڕاپۆرتە کە لەلایەن سایمۆن واتکینز" نووسراوە، و باس لەوە کراوە کە لە ماوەی ئەم ٢٥ساڵە و زیاتر لە ماوەی پێنج ساڵی سەرەتاکانی، چین ٤٠٠ملیارد دۆلار لە ئێران سەرمایە گوزاری دەکات کە ٢٨٠ ملیارد دولاری لە بەشی نەوت و گاز وپترۆشیمی، ١٢٠ملیارد دۆلاریشی لە بەشەکانی دیکە بە تایبەت بەشی پیشەسازی و هاتووچۆ، و لە بەرانبەردا ڕژیم نەوت و گاز و پترۆشیمی بە نرخێکی زۆر کەم بە چین ئەدات و پارەکەی لەماوەی دووساڵ وەردەگرێ، لە هەموو پرۆژەکاندا قازانجەکانی چین لەسەرەوەی ئێران دەبێ و ڕژیم ڕێگەی بە چین داوە تا نزیک بە پێنج هەزار سەرباز لە هێزەکانی خۆی بۆ پاراستنی پرۆژەکانی جێگر بکات. سەرەڕای هەموو ئەم زانیارییانە بەرپرسانی ڕژیم تا ئێستە هیچ زانیاریەکیان لەسەر ئەم گرێبەستە بڵاو نەکردۆتەوە. لە ماوەی چەند ساڵی کۆتایی دا مەحموود ئەحمەدی نژاد و چەندین نوێنەری مەجلیس ڕەخنەیان لەم گرێبەستە گرتووە و دەوڵەتییان بە فرۆشتنی وڵات تاوانبار کردووە...

# بریێت مەک گۆرگ: هەتا ئەو کاتەی بەڵێنێکی پتەو بەدەست نەهێنین هیچ فشارێک لەسەر ڕژیمی ئێران هەڵناگرین.



بەپێی ڕاپۆرتی سایتی فۆروارد ڕێکەوتی 3ی خاکەلێوە، بەرپرسێکی باڵای دەوڵەتی بایدن لەسەر بابەتی وتووێژەکانی بەرجام لە ڤییەن (لەگەڵ ڕژیمی ئاخوندی) وتی:

هەتا ئەو کاتەی کە بەڵێنێکی پتەو بەدەست نەهێنین و بەتەواوی ڕوون نەبێتەوە، هیچ فشارێک لەسەر ڕژیم هەڵناگرین.

برێت مەک گۆرگ" جێبەجێکاری شۆرای ئەمنییەتی نەتەوەیی کۆشکی سپی، لەپێوەند بە کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئافریقای باکوور کە لە ڕێگای ئۆنلاینەوە لە کۆشکی سپی قسەی دەکرد وتی: ئەمە ڕێگایەکی درێژ و ڕەوتێکی ئاڵۆزە، و بڕیار نییە دەوڵەتی ئامریکا بۆ ئەوەی ئەم ڕەوتە بەرەو پێش بڕوات پێشتر هیچ تێچوویەک بدات. ئێمە دەبێت لەلایەن ڕژیمی ئێران بەڵێنێک و ڕێکەوتنێکی ئەساسی ببینین و هەروەها بەرنامەی ناوکەیی ئەوان جارێکی دیکە بەشێوەیەکی گشتی بخرێتەوە ژێر چاودێری.هەروەها ناوبراو پشتڕاستی کردووە کە هەتا ئەو کاتەی ڕێکەوتنامەیەک لەنێوان زلهێزەکانی جیهان و ڕژیمی ئێران لەسەر بابەتی گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنی ناوکەیی بەدەست نەیەت، ئامریکا هیچ شێوە چاوپۆشیەک لە گەمارۆکانی ڕژیم ناکات.

# بلینکن دەڵێ: پیتاندنی 60 لەسەدی، جیدی بوونی ڕژیم لە وتووێژەکاندا دەخاتە ژێر پرسیار!.

ئانتۆنیۆ بلینکن، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا، ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 25ی خاکەلێوە، مەبەستی ئێرانی بۆ دەستپێکی پیتاندنی 60 لەسەدی ئۆرانیۆم بە هەنگاوێکی هەڵخرێنەر ناوبرد و ووتی: هەڵگرتنی هەنگاوێکی لەو شێوەیە لەلایەن ڕژیمەوە، جیدی بوونی تاران لە وتووێژە ناوکەییەکاندا لە ویەن دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە ڕژیمی ئاخوندی ڕایگەیاندووە لە دژکردەوەدا لەبەرانبەر دروستبوونی تەقینەوە لە دامەزراوەی پیتاندنی نەتەنز لەماوەی حەوتووی ڕابردوودا، و هەروەها پێش لە دەستپێکی دەوری دووهەمی وتووێژەکانی کۆمیسیۆنی هاوبەشی ڕێکەوتنی ناوکەیی ناسراو بە بەرجام لە ویەن، مەبەستیەتی کە پیتاندنی 60 لەسەدی دەست پێبکات.



ئانتۆنیۆ بلینکن، لە کۆنفڕانسێکی هەواڵدەری دا لە مقەڕی ڕێکخراوی پەیمانی ئاتلانتیکی باکووری، ناتۆ لە بروکسل، لەپێوەند بە ئێران ووتی، ئێمە لەبەرانبەر ئەو هەڵوێست و هەنگاوەی ڕژیم بۆ پیتاندنی 60 لەسەدی ئۆرانیۆم بێدەنگ نابین و بەجیدی وەری دەگرین.هەروەها ووتی، ئەو هەنگاوەی ڕژیم، جیدی بوونی ئێران لە وتووێژەکاندا دەخاتە ژێر پرسیارەوە بەشێوەیەک کە پێویستی گەڕانەوە بۆ پەیمانە دوولایەنەکان بە ڕێکەوتنی بەرجام تەئکید دەکاتەوە.

لەلایەکی تریشەوە وڵاتانی ئاڵمان، بریتانیا و فەڕانسە، ڕۆژی چوارشەممە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوێکی هاوبەش، ئەو هەنگاوەی ڕژیم بۆ پیتاندنی 60 لەسەدی ئۆرانیۆم و بەکارهێنانی سانتریفوژە پێشکەوتووەکانی ئای ئاڕ6، یان بە توندی بەجێی نیگەرانی لەقەڵەم دا و ئەوەیان تەئکید کردووە کە پیتاندنی ئەو ڕێژەیە لە ئۆرانیۆم، هەنگاوێکی جیدیە بۆ دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ناوکەیی و لەگەڵ ئامانجە ئاشتی خوازەکان یەک ناگرێتەوە.

تێکۆشان. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە : {329} ساڵی سی و شەشەم . 30 خاکەلێوەی 1400 ی کۆچی خۆری .20 مارسی 202 زاینی

# لە ئارشیڤی، وتارەکانی مامۆستای نەمر، مامۆستا شێخ جەلال وە لە یادی۱۰ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٤، ڕۆژی شەهید کرانی قازی موحەممەد و هەڤاڵانی

10ی خاکەلێوە ڕۆژی لە داردرانی قازی محمدی نەمر، ڕۆژی گەرم داهاتنی دڵی شۆڕشگێڕانە!

ساڵرۆژی لە داردرانی پێشەوای گەلی کورد قازی محمدی نەمر لە تێکڕای کوردستانی پانی و بەریندا ڕۆژی پەژارەو و ڕۆژی پرسە و تازیە باریە. یادی ئەو ڕۆژە بیرەوەری ڕۆژی خەیانەتی بێگانانە.بیرەوەری ڕۆژێکە کە بێگانەی گەلی کورد بە ئاووری بێگانەوە دەنێن.دەی خاکەلێوە ڕۆژێکی مێژوویە لە ژیانی گەلی کورد دا کە دەرسی عیبرەتە و دەست سوتانە کە بەلێنی دەسەڵاتدارانی جیهان بە ڕوی خۆشی ئەوانەی کە سەودا بە چارەنوسی گەلان دەکەن باوەرنەکەین.گەلی کوردی خاک دابەش کراوی چارەنوس بڕاوی جەنگ سوتاوی نیشتیمان وێران، کە چەندین چەرخە لە دەست بێگانەی چاوچنۆک و بێ بەزەیی ڕەنج دەبا. هەموو دەمێک لە بیری ڕزگاری و لە هەوڵی ئازادی دا بووە و لە هەموو هەل و دەرفەتێک دا ڕاپەریوە و موبارەزەی کردوە بۆ ڕزگاری لە دەست داگیرکەرانی چاو چنۆک. گەورەترین دەرفەتی بریتی بووە لە ڕۆژانی شڵەژاوی جیهانی بەتایەبەت ڕۆژهەلاتی ناوراست.

لە ماوەی جەنگەکانی جیهانی یەکەم و دووهەم و جەنگ و شڵەژاویەکانی ڕۆژهەلاتی ناوڕاست لە نێوان داگیرکەران دا، گەلی کورد توانیویەتی پەلە قاژەیەک بکاو ڕاپەرێ و ئاوری شۆڕش بکاتەوە و لە ڕۆڵە گیان بازەکانی کوردستان هێزی خەباتگێڕ پێکەوە نێوو ئەرکی موبارەزە بخاتە ڕێ . لە دوای دابەش کرانی یەکەم و دوهەمی کوردستان گەلی کورد زۆر ڕاپەرین بووە و زۆرجار ئالای شۆڕشی ڕزگاری خوازانەی هەڵ کردووە گیانی بەخت کردووە و زەربەتی گورچوبڕی لە دژمنی داگیرکەر داوە، بەڵام دژمنانی گەلی کورد بە هەموو توانایەنەوە چ لە باری سیاسی و چ لە باری نیزامی چ لە باری ئیقتسادیەوە بەبەرەکانی ی ڕاپەڕین و موبارەزە ڕەواکەیان کردوە و بەهۆی دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی ئیقتسادی کە هەیان بووە، دەسەڵاتدارە گەورەکانیان کردووە بە هاودەستی خۆیان لەو شتەدا و عیسبەت الامم و ڕێکخراوە نەتەوەییەکانیش کە لە ژێر دەستی دەسەڵات دارە گەورەکان دان بۆ قرو قەپ یان کردووە لە ڕاست ئەو هەموو ستەمەی کە لە گەلی کورد کراوە. لە ناوەراستەکانی جەنگی دووهەمی جیهانی دا هێزەکانی یەک گرتوو دژ بە ئەڵمانی نازی هاتنە ئێرانەوە و ڕەزا شای ملهوری خوێن مژی ئێرانی بەبێ هێزی و داگیرکراوی بە جێ هێشت و حەمە ڕەزا وەک کەندولەی بێ گیان لەسەر تەختی شایەتی داندرا. گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا بەدەرفەتی باشی زانی بۆ پێک هێنانی ڕێکخراوێکی میللی کە جەماوەری کوردی تێ ئالێ و خەباتی ڕزگاری خوازانە دەست پێ بکا، هات کۆمەڵە ژی کافی لە 25 خەرمانانی 1321دا پێک هێنا، کۆمەلەی ژێ کافێک کە ڕزگاری گەلی کورد ئامانجی بوو. کۆمەلانی کوردەواری لە هەموو چین و توێژێک تێ ی ئالان و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ڕێکخراوە گەشەی دەکرد و دڵی جەماوەری کوردستانی دەگەشاندەوە. ئەو بیرو باوەڕە کە پڕ بەدڵی خەڵک بوو، ئەو ئامانجە پیرۆز کە داخوازی جەماوەر بوو جێ ی هیومێد بوو کە زۆربەی خەڵکی کوردستانی لە دەور ئالا و ڕاپەرینی گەلی کوردی کوردستانی، ببێ بە ڕاپەرینێکی تێکڕایی ئارەزووی لە مێژینە بێتە دی و کوردستانی کوێستانی چارەنوسی بکەوێتەوە دەست خۆی و ببێ بە پشتیوان و پایەکانی بۆ موبارەزە و خەباتی بەشەکانی تری کوردستانی پان بەرین. بەڵام بە داخەوە دەسەڵاتدارە گەورەکان کە کاریان دەست تێوەردانی کاروباری وەڵاتانی دواکەوتوو وگەلانی ژێردەستە،





لە گەلی کورد نەگەڕان دەمیان لە کاروباری هێنا پێش و دەستیان لە کاری موبارەزە نێودەوڵەتیەکان لە کوردستان و ئازەربایجان هەڵسوو. یەکێتی شورەوی ئازەربایجان و کوردستانی بە شێوەی کۆمارە خودموختارێکی یەکێتی خودموختارەکانی شورەوی نواند، نەک لە بەر دڵسۆزی بۆ گەلی کورد بەڵکو لە بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی خۆی و بەو هیوایە کە ئێران دابەش دەکرێ لە ناو دەوڵەتە یەک گرتوەکانی جەنگی دووهەمی جیهانی دا. ئەمریکا و ئینگلیس و شورەوی ئەویش زۆربەشی خۆی دیاری کاو ڕەگی تێدا داکوتێ و کە هەرنەبێ بەبێ بەرتێل و بێ وەرگرتنی ئیمتیاز بەجێ ی ناهێلێ.

کۆماری خودمختاری مەهاباد بە ڕابەرایەتی پێشەوا و ڕۆڵەی بلیمەتی کورد قازی محمد لە دووی ڕێبەندانی 1324 دا دامەزراند لەسەر بیروباوەڕی بە دیاری هاتوو لەلایەن یەکێتی ی شورەوی یەوە و سەر بێ کار هێشتنەوەی کۆماری خودمختار و دوای کۆبوونەوەی قەوام السلتەنە سەرۆک وەزیری ئەو کاتی ئێران لەگەڵ کاربەدەستانی شورەوی و بەلێنی نەوتی شیمال بە یەکێتی سۆڤیەت . پاشان کوردستان و کۆماری خودمختار کەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی هێزە سەرکوت گەرەکانی شای نوێنەری ئینگلیس و ئەمریکا و ئاش بەتاڵ بە ئاشکرا کرا لە 16 دیسمبێری 1946 ڕێکەوتی 25 سەرماوەرزی 1325 دا شای ڕەگەز پەرستی داگیرکەر جوێ لە داخی خۆی داخی دوو دەوڵەتی ئیستیعمار گەری ئەمریکا و ئینگلیس بە کۆماری خودمختاری مەهاباد کە شورەوی دژی ئەمپریالیستی دای ڕشتبوو ڕشت .

دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە قازی محمدپێشەوا، ئەو دڵسۆزی و یەکێتیەی کە جەماوەری کوردستان لە ڕاست کۆمەلەی ژێ کافی خۆیان بویان دەی دی کە لە ڕاست ڕێکخراوەکەی ڕوسەکان نەیان دەنواند، هەرچەند کە پر بە دڵ کۆماری خودمختاری یەکە ڕێ ی ئازادی و ڕزگاریان خۆش دەویست کە ناوی کۆماری کوردی بوو، بەڵام لە نێوەکەیوو لە ئامانجی پاشە ڕۆژەکەی سڵیان دەکرد، بە کورتی بڵەین بێگانە و دەسەڵاتدارەکانی دەرەوە گێرەکەیان لە گەلی کورد شێواند و لێ نەگەڕان گەلی کورد بۆ خۆی کارەکەی خۆی بکا و ئەگەر ئەوانیش ڕاست دەکەن دڵسۆزی گەلانی ژێر دەست و ماف خوراوون بێ داسەپاندنی باوەڕو ڕێبازی خۆیان یارمەتی گەلی کوردیان وەک گەلێکی لێ قەوماوی چارە ڕەشی بێ دەرەتان بدایە. خۆ عەمریان درێژ بێ لە خۆشی بەلێنی نەوتی شیمال، هەر دەڕۆشتن و دەیان گوت گەزی چی و جاوی چی ڕۆیشتن و ڕیسەکەیان لە گەلی کورد کردەوە خوری. گەلی کوردیان بە گورگەکان خوارد داو لە بری بەرەوپێش چوون دەریاییێک ناهومێدی و بێزاریان لە دڵی جەماوەری کورد دا.

بەجێ هێشتنی قازی محمدی نەمر کە نەی دەویست گەلە دڵ شکستەکەی لەو تەنگانەدا بەجێ بهێلێ ئامادە بوو لە بەردەستی دژمنی قین لە دڵ دا بمێنێتەوە و نەچێتە ژێر باڵی دۆتسانی کاتی و ڕوفەقای نێوە ڕێ. ئامادە بوو ملی خۆی بە پەتی سێ دارەکات و بەڵێی کورد ڕاگەێنێ کە سەربەخۆی لە موبارەزەدا سەربەخۆی لێ پەیدا دەبێ، دەستی بێگانە هەر بۆمار پێ گرتن دەبێ .

قازی محمد بەجێ نەهێشتنی کوردستان و خۆ لە دار دان ڕای گەیاند کە بۆ گەلی کورد چ گورگ چ سوار و گەیاندی کە ئاش بەتاڵ کاری فریشتە باڵ سورەکان بووە، من ڕازی بەو ئاش بەتاڵە نەبووم و ئەوا خۆم دەکەم بە گاو و گەردنی گەلی هەناسە سارد و ناهومێد و سەر لێشێواو کە بە دروشمی میوانانی نەدیوو و نەناسی فریودەران و لە تەنگانەدا بە جێیان نەهێشتن. قازی محمدی نەمری و هەڤاڵانی ماوەیەک لە زیندانی ڕژێمی شای پەهلەوی دا مانەوە بێ ئەوە پەشیمانی لە خەبات ڕوو لە دڵیان کاو لە دروشمی خەباتگێڕانە لادەن لە بەرامبەر کاربەدەستانی ڕژێمی سەرکوتگەری دا وێستان، تالە بەرەبەیانی 10ی خاکەلێوەی 1324 واتە چل و یەک ساڵ لەمەو بەر خۆی و دوو هەڤاڵی سەدری قازی و حەمە حسێن خانی ئامۆزای لە چوارچرایی مەهاباد ئەستۆی کەچ نەکردویان بەداری شەرەف و کەرامەت دا کرا.

سازمانی خەبات جارێکی دیکە سەرەخۆشی ئەو ڕوداوە دڵتەزێنە بە گەلی کورد لە کوردستانی پان و بەرین دەلێ و داوا لە گەلی کورد دەکا کە پشت بە یەکێتی ناوخۆ و هێزی جەماوەری ببەستن و ئەو ڕوداوە و ڕوداوانی تری بە ڕوداوی بە پەرۆشی سەردەست دانێن و بزانن بەڵێنی دەسەڵات دارانی دەرەوە بە یەکێتی و بە هێزی تێ گەیشتنی خۆمان وەڕاست دەگەرێ. بەربەرەکانێی دژمنانی داگیرکەر کاتێک بە ئاکام دەگا کە نەهێڵن ببین بە المصالحە و کاڵای بازاڕی سەوداگەرانی سیاسەت.

هەزار سلاو لە گیانی قازی محمد و هەڤاڵانی درود بۆ شەهیدانی کوردستان.

تێکۆشان. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە : {329} ساڵی سی و شەشەم . 30 خاکەلێوەی 1400 ی کۆچی خۆری .20 مارسی 202 زاینی

ئادرەس و ژمارە تەلەفونی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران

http://www.sazmanixebat.org
www.facebook.com/sazmanixebat
http://www.khabatmedia.com
htt//www.lawan.info
www.facebook.com/lawanixebat
telegram /sazmanixebat
Email: sazmanikhabat@hotmail.com

تەلەفون:
کومیتەی ناوەندی:00964750449738
پێوەندی هەولێر: 009647506487209
پێوەندی سلێمانی: 00964772446499

TEKOSHAN

# بە ڕێوەچوونی ڕێ و ڕەسمی نەورۆز، لە بنکەی سەرکردایەتی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران



ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١ی خاکەلێوەی ١٤٠٠ بەرامبەر بە ٢٠ مارسی ٢٠٢١ لە بنکەی ناوەندی و بە ئامادەبوونی بەشێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی و پێشمەرگەو ئەندامان ڕێوڕەسمی ساڵی تازەی ٢٧٢١ی کوردی – ١٤٠٠ی هەتاوی بەڕێوە چوو. سەرەتای بەرنامەکە بە دەقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد و پەیامی نەورۆزی ڕێزدار کاک بابەشێخ حوسێنی سکرتێری گشتی، لەلایەن بەڕێز کاک کامیل نورانی فەرد ئەندامی دەفتەری سیاسی سازمانی خەباتەوە پێشکەش کرا.

پاش پێشکەش کردنی بەرهەمێکی هونەری لە لایەن هونەرمەند کاک مێهریاری کۆماسی، پەیامی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوانی سازمانی خەبات، بەم بۆنەوە لەلایەن بەڕێز کاک ماردین زاهێدی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی لاوانەوە پێشکەش کرا.دوای پێشکەشکردنی چەندین بەرهەمی شیعرو گۆرانی و هەڵپەڕکێ، دوابڕگەی ڕێوڕەسمەکە مەشخەڵی نەورۆز لەلایەن بەڕێز خاتوو زێنەب حوسێنی ئەندامی سەرکردایەتی سازمانی خەباتەوە هەڵگیرسا. ڕێوڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکێ و خۆشی دەربرین تا درەنگانێکی شەو درێژەی کێشا.



















